ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# مجلة جامعة كركوك

## الدراسات الإنسانية

مجلة علمية محكمة

تصدر عن جامعة كركوك

كركوك / العراق

المجلد ١٢ العدد ٢ السنة ٢٠١٧

العنوان البريدي

العراق / كركوك / جامعة كركوك

صندوق البريد : ٢٢٨١ و الرمز البريدي : ٥٢٠٠١

E. mail : journal_kirkukuniversity@yahoo.com

ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# گۆڤاری زانکۆی کەرکوك
# بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان

کۆڤارێکی زانستی تۆکمەیە
لە لایەن زانکۆی کەرکوکەوە دەردەچێت
کەرکوك / عێراق

بەرگی 12 ژمارە 2 ساڵی 2017

ناونیشانی پۆستەیی
عێراق / کەرکوك / زانکۆی کەرکوك
سندوقی پۆستە : ٢٢٨١ هێمای پۆستەیی : ٥٢٠٠١
E. mail : journal_kirkukuniversity@yahoo.com

مجـلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية / المجلد :١٢/ العدد: ١- ٢٠١٧

# هيئة تحرير المجلة


أ.د. كريم نجم خضر رئيس التحرير

أ.م.د. صباح موسى علي مدير التحرير

أ.م.د. زين العابدين علي صفر عضواً

أ.م.د. هادي صالح رمضان عضواً

أ.م.د. علي خليل علي عضواً

أ.م.د. عبد الرحمن محمد محمود عضواً

د. وسام احمد عبد الله عضواً

أ. م فلاح صلاح الدين مصطفى عضواً

التنسيق الفني والطباعة

دانا تحسين عبد الرحمن

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية / المجلد :١٢/ العدد: ١- ٢٠١٧

# الهيئة الاستشارية


أ.د خليل علي مراد جامعة صلاح الدين –كلية الآداب

أ.د فائق مصطفى جامعة السليمانية –كلية اللغات

أ.د فليح كريم الركابي جامعة بغداد – كلية الاداب

أ.د توفيق ابراهيم صالح جامعة كركوك – كلية التربية

أ.د حسين عودة جامعة الكوفة –كلية القانون

أ.د عبد الفتاح علي يحيى البوتاني جامعة دهوك–

مركز الدراسات والوثائق الكوردية


رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ١٣٠٩ لسنة ٢٠٠٩

# تعليمات النشر

* تهدف المجلة إلى نشر البحوث العلمية الرصينة ذات المستوى المتميز والتي لم يسبق نشـرها فـي مختلف حقول المعرفة.

* يقدم الباحث ثلاث نسخ من بحثه على ورق A4 إضافة إلى قرص (CD) .
* يجب ان لا يزيد عـــدد صفحات البحـث عن (٢٥) عشرين صفحــة وإذا زادت تستقطع من الباحـث مبلغ قدره ألف دينار عن كل صفحة

* يتوسط عنوان البحث الصفحة الأولى , ويكون اسم الباحث على الجهة اليسرى العليـا من الصفحة الأولى للبحث , و إذا كان البحث لشخصين يكتب الاسم الثاني على الجهة اليمنى العليا مع كتابة اللقب العلمي و الجامعة والكلية .

* يتوجب تقديم خلاصة باللغة العربية والإنكليزية لكل بحث و بحدود (١٥٠_٢٠٠) كلمة يوضـح فيهـا الهدف من البحث والنتائج و التوصيات .

* يكون طبع للصور والمخططات و الجداول بأوراق منفصلة وتعطى أرقام منفصلة يشار إليهـا ويحـدد موقعها في متن البحث .

* المنهجية العلمية المتبعة

أ – التقيم : يرسل الى مقيمين اثنين احدهما داخل الجامعة والآخر خارج الجامعة وبسرية تامة وضمن الاختصاص .

ب – النشر : تنشر البحوث حسب الاقدمية وبما يوازن بين الاختصاصات .

*التخصصات العلمية ، ان المجلة باسم مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية لذلك تنشر فقط البحـوث الانسانية .

- اللغة المعتمدة : اللغة العربية هي اللغة المعتمدة في المجلة واللغات الاخـرى مثـل الانكليزيـة والكوردية والتركية وحسب الاختصاص .
- تكتب المصادر والهوامش في نهاية البحث وحسب ترتيب الحروف الالفبائية العربية

- الحقوق القانونية والعلمية للباحثين

١- ينشر البحث باسم الباحث ويزود بمستل من البحث .

٢- للباحث الحق في تقديم بحوثه للترقية العلمية او الاشارة اليها في بحوث اخرى

- المدة الزمنية بين تقديم البحث وقبول البحث للنشر

١- ثلاثة اشهر اذا كانت نتيجة التقييم للمقيمين ايجابية او سلبية كلاهما .

٢- في حالة تأخر الاجابة تمدد شهر واحد للتأكيد .

٣- في حالة رفض اعتذار احد المقييمن تمدد المدة الى ستة اشهر .

- اجور النشر

١- حامل لقب استاذ (١٠٠,٠٠٠) مائة الف دينار

٢- حامل لقب استاذ مساعد (٧٥,٠٠٠) خمسة وسبعون الف دينار

٣- حامل لقب المدرس فما دون (٦٠,٠٠٠) ستون الف دينار

# المحتويات



| ت | عنوان البحث | الصفحة |
| --- | --- | --- |
| ١ | نيشانه واتايى و پراگماتييه‌كان له زمانى كورديدا<br>پ.ى.د. سه‌باح موسا عه‌ل<br>مامۆستاى واتاسازى به‌شى كوردى<br>كوليژى په‌روه‌رده‌ى زانكۆى كه‌ركوك | ١ـ١٥ |
| ٢ | اتحاف الخُلَفَاء في مناقب أول الخلفاء<br>تأليف عبدالله بن ابراهيم بن حسن المعروف بالمحجوب المكي الميرغني<br>(ت١٢٠٧هـ)<br>دراسة وتحقيق<br>د. كامران سعدالله عبدالله<br>جامعه گرميان / كليه التربيه | ١٥ـ٧٥ |
| ٣ | واقع التنمية السياحية في اقليم كوردستان ونتائجها الاقتصادية<br>م. ستور أحمد رسول م. نياز عبد العزيز خطاب<br>جامعة صلاح الدين – كلية الآداب | ٧٦ـ١١١ |
| ٤ | باب فتح نون المثنى<br>في : فتح المولى في شرح شواهد الشريف بن يعلى<br>لعبد الكريم بن مُحمَّد الفَكُّون ( ت ١٠٧٣هـ )<br>دراسة و تحقيق<br>م.م. ميسون عُمر حسن الدليميّ<br>مديرية تربية كركوك | ١١٢ـ ١٥٢ |

| ت | عنوان البحث | الصفحة |
| --- | --- | --- |
| ٥ | الفاظ خلق الحيوان من ذوات الخُف والحافر في كتب الفرق<br>- دراسة دلالية -<br>م. الدكتور صلاح الدين سليم محمد<br>جامعة الموصل / كلية العلوم السياسية | ١٥٣_١٩١ |
| ٦ | سيستەمی برایل لە زمانی کوردیدا<br>م.ی. هاوكار عمر خدر م.ی. ساكار كمال واحد<br>زانكۆی سۆران زانكۆی سەلاحەددین | ١٩٢_٢١٧ |
| ٧ | حماية حقوق الانسان في ضوء حديث حجة الوداع<br>والمادة الثالثة من الاعلان العالمي لحقوق الانسان<br>أ.د.جواد فقي علي أ.م.د.ناهدة عبد الغني محمد<br>جامعة كوية / كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية / قسم القانون | ٢١٨_٢٦٩ |
| ٨ | ریالیزم لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا<br>م.د.كەیفی ئەحمەد<br>زانكۆی كۆیە / فەكەڵتی پەروەردە | ٢٧٠_٣٠٠ |
| ٩ | المَظِنَّة<br>ودورها في تشريع الاحكام<br>العِبادات نموذجاً<br>الدكتور صباح ستار سعيد<br>جامعة السليمانية | ٣٠١_٣٢٩ |
| ١٠ | ئاسایشی هزری لە ڕوانگەی ئیسلامەوە<br>د. ناصح كريم عبدالله<br>زانكۆی هەڵەبجە / كۆلێجی پەروەردەو زانستە مرۆڤایەتیەكان | ٣٣٠_٣٥٧ |

# ئاسایشی هزری له ڕوانگەی ئیسلامەوە

د. ئاصح كريم عبدالله
زانکۆی هەڵەبجە / کۆلێجی پەروەردەو زانستە مرۆڤایەتیەکان

تاريخ استلام البحث : ١٨ / ١ / ٢٠١٧    تاريخ نشر البحث : ١٩ / ٣ / ٢٠١٧

## پێشەکی:

civilization.

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درودو سڵاوو ڕەحمەت لە سەر پێغەمبەری ئیسلام وە لە سەر گشت یار و یاوەر و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی ...

ڕوون و ئاشکرایە کە ئاینی ئیسلام، ئاینێی ڕەحمەت و خێرو بێرە بۆ سەرزەمین و سەرجەم مرۆڤایەتی ، وە دوورخستنەوەی هەموو زیان و خراپەیەك لە مرۆڤ و، دەستەبرکردنی هەموو چاکەو بەرژەوەندییەك بۆ مرۆڤ، مەبەستی سەرەکی ئەم ئاینە خودایی و بێ هەڵەو پەڵەیەیە وە تایبەتمەندییەکانی ( میانەڕەوی ) و (هاوسەنگی ) و ( واقیعیبوون ) و ( مرۆییبوون ) لە سیما هەرە دیارەکانی ئەم ئاینەن .

بەڵام بە هۆی لێکدانەوەی هەڵەو تێنەگەشتنی ڕاست و دروست بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت لە لایەن زۆرێك لە موسڵمانان لە لایەك ، وە بە هۆی پیلانە جۆراوجۆرەکان و پلانە جیاوازەکانی ڕەقیبانی ئەم ئاینە لە لایەکی تر، ئەمڕۆ موسڵمانان بە سەردەمێکی دژواردا تێدەپەڕن و ڕووبەڕوی ڕۆژانێکی زۆر سەخت و ناهەموار بوونەتەوەو، ئیسلام کراوەتە ئامانجی نەیارانی بە تایبەت لە ڕووی هزری و سیاسیەوە .

<u>گرنگی توێژینەوە</u> : گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە ناونیشانەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئاسایشی هزری ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پاراستنی عەقڵ و، بونیادنانی کەسێتی و، ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ جۆرەکانی تری ئاسایش . وە بە لە دەستدانی ئاسایشی هزری تاك دەبێتە نێچیری ڕەوتە لادەرو دونیاگەرو توندڕەوو پەرگیرەکان و، کۆمەڵگەش باجی ئەو لادانە دەدات . هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە لایەنگرانی پرۆژەی ئیسلامی پێویستانە کە میکانیزمە پارێزیاری و چارەسەریەکانی ئاسایشی هزری بزانن و پێیان ئاشنا بن .

**ئامانجى توێژینەوە:** ئامانجەكانى ئەم توێژینەوەیە لەم خالأنەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١) ڕوونكردنەوەی چەمكى ( ئاسایشی هزری ) و گرنگى و بایەخى لە ڕوانگەی ئیسلامەوە .

٢) ئاشكرا كردن و خستەڕوی میكانیزمە پارێزیاری و چارەسەریەكانی ئاسایشی هزری.

٣) ناساندنی لادانی هزری و فاكتەرەكانى .

٤) هۆشیاركردنەوەو پاراستنى تاك و كۆمەڵ لە مەترسیەكانی لادانی هزری .

٥) ئاشناكردنی تاك بە مەبەستەكانی شەریعەت بە تایبەت مەبەستی ( پاراستنی عەقڵ ) .

**ڕێبازی توێژینەوە:** بەو پێیەی كە ئاسایشی هزری پرۆسەیەكی عەقلی وهزریە، توێژەر ڕێبازێكی زانستی پێویست و گونجاوی بەكارهێناوە كە ئەویش ڕێبازی ( هەڵهێنجانە – المنهج الاستنباطي) كە ( بریتییە لەو ڕێبازەی بەهۆیەوە توێژەر هەموو هەوڵە ژیری و دەروونیەكانی دەخاتە گەڕ لە شیكاری و توێژینەوەی دەقەكاندا ، بە مەبەستی هەڵهێنجانی كۆمەڵێك پرنسیپ و بنەمای پەروەردەیی پشتبەستوو بە بەڵگەی ڕوون و ئاشكرا ) . (عبدالعزيز عبدالرحمن علي ، ١٤٢٠هـ ٢٠٠٠م، ١٧٨/١) .

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەكە پێكهاتووە لە پێشەكی و چوار توێژبەند، وە بەم شێوەی خوارەوە :

**توێژبەندی یەكەم** – چییەتی ( ماهیة ) ی ئاسایشی هزری لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.

**توێژبەندی دووەم** – فاكتەرەكانی لادانی هزری .

**توێژبەندی سێیەم** – میكانیزمە پارێزیاریەكانی ئاسایشی هزری .

**توێژبەندی چوارەم** – میكانیزمە چارەسەریەكانی ئاسایشی هزری .

**توێژبەندی یەكەم – چییەتی ( ماهیە )ی ئاسایشی هزری لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:**

**یەكەم** –ناساندنی چەمكەكان :

**دووەم** – گرنگی و بایەخی ئاسایشی هزری

**یەكەم – ناساندنی چەمكەكان :**

**ئاسایش** : ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگەكان و سەرچاوە زمانەوانیەكان ، ئەبینین ( ئاسایش ) بە چەند مانایەك هاتووە، لەوانە: دڵنیایی، دەستەبەری ژیان، بێ وەیی، بێ زیانی، ئاشتی، ئاسوودەیی . (ابن منظور ، ١٤١٤ هـ ـ ١٩٩٣م : ٢١/٢، إبراهيم مصطفى وآخرون، ٢٠٠٤: ٢٨/١ . فاضل نظام الدين ، ٢٠٠٣: ٢٩ )

- وە لە زاراوەشدا چەند پێناسەیەكی بۆ كراوە كە هەر یەك لەو پێناسانە ڕەنگدانەوەی بوارێكی پسپۆرییە، لەوانە :

١) ئاسایش لای پسپۆڕانی بواری دەروونناسی: بریتی یە لە دڵنیابوون و نەترسان و هەستکردن بە ئارامی و متمانە بەرامبەر پێداویستیە بنەڕەتیەکانی تاك . ئەمەش داواکاری و پاڵنەرێکی بنەڕەتی زیندەوەرانە بە گشتی و ، مرۆڤ بە تایبەتی .(فرج عبد القادر طه وآخرون، ٢٠٠٣ : ١٢)

٢) لە ڕوی ڕەفتاری و پەروەردەییشەوە ، ئاسایش بریتیە لە ئەو کۆمەڵە ڕێوشوێنە پەروەردەیی و پارێزیاریە سزاییانەی کە دەوڵەت دەیانگرێتە بەر ، بە مەبەستی دەستەبەرکردن و بەرقەراربوونی ئارامی ناوخۆیی و دەرەکی . (علي فايز الجحني، د.ت : ٧٢ ).

٣) وە لە ڕوی سیاسیەوە ئاسایش بریتیە لە بەدیهێنان و مسۆگەرکردنی قەوارەی دەوڵەت و کۆمەڵگە، دژی ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ناوەو دەرەوە، وە زامنکردن و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی، وە ڕەخساندنی هەلو مەرجی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی گونجاو، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە مایەی ڕەزامەندی گشتین لە کۆمەڵگەدا. (علي الدين هلال، ١٤٠٦هـ : ٨٤ .)

٤) وە لای شەرعناسانیش ئاسایش بریتییە لە پاراستن و پارێزگاری پێنج پێویستیەکە لە هەر دەست درێژییەك بۆ سەریان و، دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئارامی و، دەستەبەرکردنی بەختەوەری و گەشەپێدان و شکۆیی سەرجەم بوارە جیاجیاکانی ژیان . (إبراهيم سليمان الهويمل، محرم ١٤٢١هـ: ٩. ) ئەو پێنج پێویستیەش کە بە ( الضروريات الخمس ) ناسراون بریتین لە : ئایین، گیان ( ڕۆح ) ی مرۆڤ، ژیری، ڕەچەڵەك، ماڵ وسامان . کە هەر یەکەیان بۆ مانەوەیان و پارێزگاری لێیان کۆمەڵە ڕێنمایی و ڕێوشوێنی پەروەردەیی و یاسایی دانراوە لە شەریعەتی ئیسلامدا . (الشاطبي ، ١٤١٧هـ ١٩٩٧م : ٢/١١٧-١١٨ . زيدان، ١٩٨٢: ٤٨-٤٩) .

٥) وە لە ڕووی تاوانکاری ( جنائی یەوە ئاسایش بریتییە لە هەستێکی دەروونی بە دەستهاتوو لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ڕێساو پرنسیپ کە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێکردن دەیگرنەبەر ، بۆ پاراستن و زامنکردنی بەرژەوەندیەکانی تاك و کۆمەڵ . هەروەها بریتییە لە توانای کۆمەڵگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم ڕووداوو گۆڕانکاریە ڕێنخۆشکەرەکان و پەیوەندیدارەکان بە توندوتیژی . (متعب بن شديد بن محمد الهماش ، ١٤٣٠ ﻫ : ٦ . عبدالمنعم المشاط، ١٩٨٦: ١٩) .

لە کۆی پێناسەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاسایش بریتیە لە حاڵەتێکی ئارامی و جێگیری و دڵنیایی ، کە تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە و لێی سوودمەند دەبن. هەروەها بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاسایش بەندە بە سێ پایەی سەرەکیەوە کە ئەمانەن:

١) حالەتێکی هەستی ی دەروونیە بۆ کۆمەڵگەو تاکەکانی .

٢) حالەتێکی دەروونی خودی یە، دەکرێت گوزارشتی لێوە بکرێت،هەروەها رێژەیی یەو بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت .

٣) ئاسایش لە سەر کۆمەڵە پایەو پرنسیپی بابەتی و لۆجیکی ڕادەوەستێت ( پارێزیاری – وقایە، لێپێچینەوە، بە دەستهێنان.(عبد المنعم المشاط، هەمان سەرچاوەی پێشوو : ٦ )

- هزر : بریتیە لە بەگەڕخستن و بەکارخستنی ژیری لە ناسینەوەو دیاریکردنی شتەکان ، بیرکردنەوەش : تێرامان و وردبوونەوەیە لە شتەکان. هزر گرنگترین چالاکی پرۆسە عەقلیەکانە. بەم پێیەش هزر تێڕوانین و تێرامان و وردبوونەوەیە لە کۆمەڵە زانست و زانیاریەك بە مەبەستی گەشیتن بە زانست و زانیاری نوێ... دواتریش پرۆسەیەکە کە زەین ( ذهن ) یان عەقڵ ئەنجامی دەدات بە هۆی پەیوەستکردن و بەستنەوەی نێوان درکپێکراوەکان یان هەستپێکراوەکان و پاشان هەڵهێنجان ( استنباط ) و دەرهێنانی چەند مانایەکی نادیار لە تێڕوانینی ڕاستەوخۆ. (إبن منظور ،سەرچاوەی پێشوو : ٥/٤ . ابن فارس بن زكريا : ٤٤٦/٤ . جميل صليبا، ١٤١٤ هـ – ١٩٩٤م : ١٥٤/٢ ) .
- ئاسایشی هزری : وەك هەر چەمکێکی تر ، ئاسایشی هزری چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە :

ئاسایشی هزری : بریتییە لەوەی خەڵکی بە ئارامی و ئاسایش ژیان بە سەر بەرن، لە خودی خۆیان و نیشتمانیان و لە ناو کۆمەڵگەکانیان، بە دڵنیابوون لە پێکهاتەی رەسەنایەتییان و کلتوری جۆرییان و ئەجێندای هزرییان.(ماجد بن محمد بن علي الهذيلي ، ١٤٣٢-١٤٣٣هـ- الرياض : ٢٠ ) .

هەندێکیش پێیان وایە ئاسایشی هزری پاراستنی بیروباوەڕە لە زیندەڕۆیی و پەرگیری و ، دەرچوون لە ڕێبازی میانەڕەوی و ڕاستکاری ( اعتدال ) . هەروەها پاراستنی زەین و عەقڵەکانە لە لادانی رەفتارو بیروبۆچوون و ئاکارەکان. ( سلطان بن مسفر الصاعدي، ١٤٣٢هـ : ١٨ ) .

پێناسەیەکی تریش بۆ ئاسایشی هزری ئەو پێناسەیەیە کە دەڵێت : ئاسایشی هزری و هزر دروستی تەنها ئەوە نیە کە مرۆڤ هزری دوور بێت لە لادان و ئاجیگیری ، بەڵکو بریتییە لە خاڵیبوون یان رزگاربوونی تێکەشتن و ژیری تاکەکانی کۆمەڵ لە هەر خەڵتەو بیروباوەڕێکی هەڵەو نادروست، کە دەگونجێت ببێتە مایەی بێزاری و مەترسی بۆ سەر ئیزامی دەوڵەت و ئاسایشی . ئەوەش لە ڕێی مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ژیانی کۆمەلآیەتی و پلان و پرۆژەو دەزگاکانی دەوڵەت، بە مەبەستی گەشەپێدانی هۆشیاری لە سەرجەم بوارە کلتوری و سیاسی و کۆمەلآیەتی و رۆشنبیری زانستیەکان( حيدر عبدالرحمن الحيدري : ٢٣ )

لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە، ئاسایشی هزری چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لێرەدا ئاماژە بە دووان لەو پێناسانە دەدەین . ئاسایشی هزری بریتیە لەوەی کە ( خەڵکی ژیانێکی شکۆمەندانەو ئارام بەسەر بەرن و، دڵنیابن لە پێکهاتەی رەسەنایەتی و کلتوری جۆرییان و ئەجێندای هزرییان، کە هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەتە ) . ( السديس، ١٤٢٦ : ١٦ ) .

توێژەرێکی تریش پێی وایە کە ئاسایشی هزری بریتیە لە : سەلامەتی هزر و ژیری و تێگەیشتنی مرۆڤ لە لادان و دەرچوون لە میانەڕەوی و ڕاستکاری و تێڕوانین و وێناکردنی دروست و ڕوون بۆ کاروبارە ئاینی و سیاسی یەکان و مرۆڤ و گەردوون . (اللويحق، ١٤٣٠ھ: ١٩) .

لە پێناسەکان ئەوە بەدەر دەکەوێت کە ئاسایشی هزری چەمکێکی فرە ڕەهەندەو تەنها یەك لایەن یان یەك ڕەهەند بەشداری لە بەرقەراربوونی ناکەن، بەڵکو چەند فاکتەرێکی جیا جیا ئەم پرۆسەیە ئەپارێزن، لەوانە : فاکتەرە پەروەردەیەکان، فاکتەرە زانستییەکان، فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان،هتد.

هەر لە چوارچێوەی پێناسەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاسایشی هزری یەکێکە لە مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەت کە لە پاراستنی ژیری – عەقڵ – دا خۆی دەبینێتەوە، ئەم مەبەستەش وەك پێداویستیەکی بنەڕەتیەو یەکێکە لەو پێنج پێویستیەی زانایانی شەرعناس بە ( پێنج پێویستیەکە – الضروريات الخمس ) ناوی دەبەن و بە پێنج پایەی سەرەکی دادەنرێن بۆ ژیانێکی ئارام و ئاسوودە ، بە پێچەوانەشەوە لە دەستدانی هەر یەکێك لەوانە ئاسەقامگیری لە ژیانی تاك و کۆمەڵ دروست دەکات .

لەمبارەیەوە ( شاطبي ) دەڵێت : ( پێویستییەکان ئەوانەن کە پێویستن بۆ بەرژەوەندی دونیاو دواڕۆژی مرۆڤ، بە شێوەیەك لە دەستدانیان دەبێتە مایەی ناجێگیری و بونیادنانی ژیان لە سەر ئاسۆرو ناعەدالەتی و خراپەکاری . لە دوا ڕۆژیشدا لە دەستدانی سەرفرازی و بەهەشت و گەڕانەوە بە خەسارەتمەندی و ماڵوێرانی و ڕەنجەڕۆیی ) . (إبراهيم بن موسى بن محمد الشاطبي ،١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م : ١٨/٢ ) .

**دوو – گرنگی و بایەخی ئاسایشی هزری :**

گومان لەوەدا نیە کە ( ئاسایش ) یەکێکە لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی هەموو تاکێك و ، پایەیەکی بنەڕەتی یە بۆ ژیانێکی ئاسوودەو ئارام لە کۆمەڵگەدا ، وە ئاسایشی هزری پێگەیەکی گرنگی هەیەو لە پێداویستسە لە پێشینەکانی کۆمەڵگەیە، لە بەر ئەمەیە دەبینین سەرجەم دام و دەزگا حکومی و کۆمەڵگەییەکان هەموو هەوڵ وتوانایەکی خۆیان یەکدەخەن و کۆڕاو یەکدەگن لە پێناو بەدیهێنانی ئاسایشی هزری و پاراستنی کۆمەڵگە لە پەرتەوازەیی هزری و لاوازبوونی هەستی نیشتمانپەروەری و ڕێگری لە دزەکردنی ڕەوتە هزریە لادەرەکان. لە بەر ئەمە پێداویستی مرۆڤەکان بە ئاسایشی هزری پێداویستیەکی هەنوکەییە بۆ مسۆگەرکردن و بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی و جێگیری کۆمەڵایەتی . لە لایەکی ترەوە پێویستبوونی مرۆڤەکان بۆ ئاسایشی هزری وەك پێویستبوونیانە بۆ خواردن و خواردنەوەو شوێنی نیشتەجێبوون .

وە ئاسایشی هزری وەك سەر وایە بۆ لاشە ، چونکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر بوون و مانەوەی مرۆڤەکان و بەها و ئاکارەکانیان. بەم پێیەش مرۆڤەکان بلندترین جۆرەکانی ئاسایش بەدەست دەهێنن کە ئەویش ئاسایشی هزریە .

وە بە گەرانەوەمان بۆ قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام ( درودی خوای لە سەر بێت) بۆمان روون دەبێتەوە کە چەندە بایەخ بە ئاسایش دراوە ، بە شێوەیەک زیادەرۆیی نیە گەر بڵێین لە روانگەی ئیسلامەوە سەرجەم جومگەو سیکتەرەکانی ژیان بەستراوە بە ئاسایشەوە . لە رووە مێژوییە ئاینیەکەشەوە، دەبینین لە بەر گرنگی و بایەخی ئاسایش وسەقامگیری سەر زەوی بوو ، فریشتەکان لە وەڵامی خوای گەورەدا وتیان : ﴿أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ - سورەتی البقرە: ئایەتی ٣٠- . وە دەبینین زۆر جار خوای گەورە پەرستنی خۆی دەبەستێتەوە بە مسۆگەرکردنی ئاسایشەوە، وەک دەفەرموێت : ﴿لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ ۞ إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ ۞ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ ۞ الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ﴾. _ سورەتی قریش: ئایەتەکانی ١-٤ _ . بەڵکو دەبینین خوای گەورە ئاسایشی رەهای کردووەتە پاداشتێک و رێزێک لە خۆیەوە بۆ باوەڕداران وەک دەفەرموێت :﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُولَٰئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴾. الانعام، ٨٢ .

ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێت ، پاراستنی عەقڵ بەستراوەتەوە بە پاراستنی هزر، چونکە عەقڵ میکانیزمی بیرکردنەوەیەو( عەقڵ و هزر ) دووانەیەکی جیانەبووەو لە یەکتر ئاڵاون و ، ئەم پاراستنەش تەنها لە رێی دوورکەوتنەوە لە شتە مادیە زیانبەخشەکانی وەک مادە کهولی وهۆشبەرەکانەوە نیەو بەس، بەڵکو پاراستنی عەقڵ لە شاڵاوی هزری و ، لێکدانەوەی مادی گەرانە بۆ خوداو مرۆڤ و بوون و ژیان و، هزری توندرەوی ، پاراستنی عەقڵ لە ئەمانە زامنی ئاسایشی سەرجەم بوارەکانی ترە .

<u>بە کورتی – وەک هەندێ لە توێژەران دەڵێن –</u> : هێندە بەسە بۆ گرنگی وبایەخی ئاسایشی هزری، کە دادەنرێت بە هێڵی یەکەمی بەرگری لە رووی سەرجەم رەوت و ئاراستە تێکدەرو لادەرەکان و، شورایەکی پۆڵایینە بۆ پاراستنی کۆمەڵ و، بونیادنان و گەشەپێدانی تاک لە سەرجەم بوارە مرۆیی و ئابوری و زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان. ( نجدت صبری ئاکرەیی، ٢٠٠٩ : ١٤-١٦ .و متعب بن شدید بن محمد الهماش ، سەرچاوەی پێشوو : ١٠ ) .

<u>توێژینەوەی دووەم – پاڵنەرەکانی لادانی هزری :</u>

گومان لەوەدا نیە کە لادانی هزری دەرهاویشتەو دەرەنجامی کۆمەڵێک پاڵنەری هزری، پەروەردەیی، دەروونی ، کۆمەڵایەتی، کلتوری، سیاسی ، ئابوورییە و، هەر یەک لەو پاڵنەرانە کەم یان زۆر رۆڵی نەرێنی دەبینن لە سەرهەڵدانی دیاردەی لادانی هزری . وە بە بڕوای ئێمە هەر یەک لە دیاردەکانی پەرگیری و توندڕەوی و توندو تیژی ئایینی و تیرۆر وشلرەوی ، لە بنەرەتدا دەگەرێنەوە سەر لادانی هزری و لەوەوە سەرچاوە دەگرن، بە تایبەت لێکدانەوەی هەڵەو راڤەکردنی نادروستی دەقەکان و ، دابەزاندنیان و کارپێکردنیان دوور لە پێوەرە شەرعیەکان .

ئەمانەی خوارەوەش گرنگترین پاڵنەرەکانی لادانی هزرین :

١) كەمی ڕۆشنبیری ئایینی لە پرۆگرامەکانی خوێندن :

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و بنەڕەتی و تەنانەت زانکۆکانیش لە ولاتانی موسلمانتشین، ئەوەیە کە ئەم پرۆگرامانە توانای پەروەردەو پێگەیاندنی کەسێکیان نیە کە هەلگری ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی بێت وەك ئەوەی کە پێویستە . بە تایبەت تونلوتۆلکردنی لایەنی هزری و ڕێنماییکردنی خوێندکاران بۆ پێداویستییەکانیان و ، هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە کاروباری ئایینەکەیان ، وە پێدانی بەرچاو ڕوونی سەبارەت بەو مەترسییانەی لەم سەردەمەدا هەڕەشەیان لێدەکات .

هەر لە چوار چێوەی ئەم ( بۆشاییە ڕۆشنبیری یە ) دا دابڕانێك درووست بووە لە نێوان شەرعناسان و چینی لاوان ، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لە سەر ڕەفتارو مامەلەی چینی لاوان و سەرهەلدانی ( فرە مەرجەعیەت ) و ( فرە مینبەری ) و لە کۆتاییشدا لادانی هزری .

٢) ململانێ ی ڕەوتە هزریەکان و پەراوێزخستن و نەبوونی بەشداری سیاسی :

جیهانی ئیسلامی لەم سەردەمەدا بە دەست دابەشبوونێکی هزریی تونلەوە دەنالێنێت ، بە تایبەت لە نێوان دوو ڕەوتی سەرەکی : ڕەوتێکی توندڕەوی دونیاگەری وسیکۆلار ( Secularism واتە ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتیەی کە ئامانجی دوورخستنەوەی خەلکیە لە بایەخدان بە ڕۆژی دوایی و، بە پێچەوانەوە هاندانیان بۆ بایەخدان تەنها بەم ژیانە – الحوالي: د ت : ٢١ ) کە هەموو جوانیەکانی ئیسلام ڕەتدەکاتەوەو . داوای بونیادنانی ژیان دەکات لە سەر پرنسیپەکانی سیکۆلاریزم و دوور لە هەر هەژموونێکی ئیسلامی و، دابڕاو لە بەها کۆمەلایەتیەکان و داب و نەریتی کۆمەلگە موسلمان نشینەکان و شوێن کەوتنی بێ قەیدو شەرتی کۆمەلگە ڕۆژئاواییەکان و، لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا تا بەدەستهێنانی پێشکەوتن و مەدەنیەت. ئەگەر چی دووەمیش کە ڕەوتێکی توندڕەوی ئیسلامیەو بە ڕەهایی و کشتگیرانە ڕۆژئاوای پێ قەبوڵ نیەو تەنانەت دستکەوتە تەکنۆلۆژی و داهێنانە زانستییەکانیش ڕەتدەکاتەوە بەو پێیەی ( سەرچاوەیان ڕۆژئاوایە )( عادل العبد الجبار ، بلا :٣٠ ، ) . لە بیریشمان نەچێت هەم ڕەوتە سیکۆلارەکان وەهەم ڕەوتە ئیسلامیەکان، لەناویاندا بیری میانەڕەوی وخوێندنەوەی ئەوی تر بەدی دەکرێت و خالی هاوبەشیان هەیە .

٣)ڕۆچوون و زیادەڕۆیی ( الغلو ) لە ئایینڈا : مەبەستمان بە زیادەڕەوی لە سنور دەرچوون و ڕۆچوونە چ لە هزرو ئایدۆلۆژیا بێت یان لە پیرۆزی مرۆڤەکان بێت . وە بە گەڕانەوەشمان بۆ قورئانی پیرۆز دەبینین سەرەتای لادانی خاوەن کتێبەکان – گاورو جولەکە – (ڕۆچوون و زیادەڕۆیی – الغلو ) بووە لە پێغەمبەرەکانیان بە تایبەت گاورەکان کاتێ بڕیاری ( سێخواییان- التثليث ) داو، عیسا پێغەمبەریان – سەلامی خوای لە سەر بێت- بە خوداو کوڕی خودا ناساند. وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ يا أَهْلَ الْكِتابِ لا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلاَّ الْحَقَّ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقاها إِلى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلا تَقُولُوا ثَلاثَةٌ انْتَهُوا خَيْراً لَكُمْ إِنَّمَا اللَّهُ إِلهٌ واحِدٌ سُبْحانَهُ أَنْ يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لَهُ ما فِي السَّماواتِ وَما فِي الْأَرْضِ وَكَفى بِاللَّهِ وَكِيلاً ﴾ . (سورەتی النساء، ئایەتی ١٧١ ).

وە لە مێژووی ئیسلامیشدا خەڵكانێك هەمان بۆچوونی ( تقدیس ) كردنیان بۆ پێشەوایانیان بڕیار داوە . ئەمە نموونەی ڕۆچوون لە مرۆڤەكاندا . نموونەی ڕۆچوونیش لە ئایدۆلۆژیادا نموونەی ( خەواریجەكانە ) كە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی گروپە ئیسلامیەكان لە سەرەتاكانی سەدەی یەكەمی كۆچی بە هۆی لادانی هزریەوە تەكفیری نەیارەكانی خۆیان كرد ، بەتایبەت پێشەوا عەلی كوڕی ئەبو تالیب و دایكی موسڵمانان عائیشەو موعاویە – خوا لێیان ڕازی بێت – وە سەرجەم بەشداربوانی هەردوو جەنگی ( جەمەل ) و جەنگی (صفین ) . ئەمەش لە ڕێی تێگەشتنی هەڵە بۆ ئایەتەكانی ( هەڕەشە – آیات الوعید ) تایبەت بە بێ باوەڕان ، وە دابەزاندنی حوكمی ئەو ئایەتانە بە سەر نەیارە موسڵمانەكانیاندا. (زانیاری زیاتر لە : الشهرستاني ، بلا : ١١٤/١ . الأشعري ، ١٤٢٦هـ - ٢٠٠٥م : ١٠٩/١) .

٤) <u>ڕاگەیاندن</u> : ڕۆڵی میدیا ( بینراوو ، بیستراوو، خوێنراو) لە گەشەپێدان و برەو پێدانی دیاردەی لادانی هزری كەم نیەو گاڵتەی پێناكرێت، بە تایبەت لەم سەردەمەدا كە ئینەرنێت ( بە تایبەت تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان ) و كەناڵە ئاسمانیەكان و ، مۆبایل و، دەزگاكانی تری ڕاگەیاندن، لە بری هۆشیاری ئایینی و كۆمەڵایەتی و كاركردن بە دیوی چاكسازی وچاكەكاری ، بە پێچەوانەوە كاری هەندێ دەزگای میدیایی بووەتە كارێكی تێكدەرانە .

ئەمەش یان لە ڕێی گاڵتەكردن بە عەقڵی جەماوەرو دروشمە ئاین و ئەخلاقیەكان ، یان لە ڕێی چاندنی تۆوی فیتنەو وروژاندنی بابەتگەلێكی ترسناك وگەورە كردنیان . خۆ ئەگەر بە عەقڵێكی كراوەو زمانی لۆژیك و شیكاریەكی زانستیانە ئەو بابەتانە بخرابانایە بەرباس و لێكۆڵینەوە و ڕەچاوی حاڵەتی دەروونی بینەرو گوێگر و هەلومەرجی كات و شوێن كرابایە ، ئەوا بێ گومان كاریگەرییەكە پۆزەتیڤانە دەبوو، وە سنورێك بۆ ئاسەوارە نێگەتیڤەكان دادەنراو ئەنجامەكانیش باش دەبوون. گومانیش لەودا نیە كە ڕاگەیاندن چەكێكی دوو سەرە و ئەگەر بەكارهێنانی لە ڕێی ژیری و وردبینی و پێوەرە ئەخلاقیەكانەوە نەبێت ، ئەوا دەبێتە سەرچاوەیەكی ئاژاوەو تێكدانی ئاسایش و هاندانی بیری لادەرانە. ( محمد ساداتي الشنقيطي ، ١٩٩٨: ١٥٩-١٦٠ ) .

٥ )<u>بێ ئاگایی و نەزانینی مەبەست و ئامانجەكانی شەریعەت</u> : بێ گومان بە ڕووكەش وەرگرتنی دەقەكان و شۆڕنەبوونەوە بۆ گیانی دەق و پەندو ئامۆژگاریەكانی ، وە تێنەگەشتن و نەزانینی ئەو بەرژەوەندی ومەبەستانەی شەریعەت لە پێناویدا هاتووە، بێ گومان ئەمە هۆكارێكی كاریگەرە بۆ لادان و پاڵنەرێكە بۆ لە دەستدانی ئاسایشی هزری .

ئەم تێگەشتنەش لە ئاما نجەکانی شەریعەت پسپۆڕی و شارەزایی دەوێت و ناکرێ بۆ مەسەلەیەك تەنها دەقێك بکرێتە پێوەر و بە شێوەیەکی ( جوزئی ) لە ڕەهەندو مانای دەقەکان بڕوانین . کە ئەم هەنگاوەش ڕێخۆشکەرە بۆ تێکدانی دەق و بەلاڕێدا بردنی و ڕوخاندنی کۆمەڵێك پرنسیپ و بنەمای گشتی . لە بەرامبەر ئەمەشدا، ئەگونجێ شان بەشانی ئەم بێ ئاگاییە لە مەبەستەکانی شەریعەت، ئارەزووبازی وهەوەس پەرستی ڕۆڵی خۆی ببینێت لە لادانی هزری ( ناصر العقل، ١٤١٧هـ : ٢٢ )

٦ ) دەروونبەزیوی و لاوازی کەسایەتی؛ بێ گومان ئەم فاکتەرەش دادەنرێ بە هۆکارێکی سەرەکی لادانی هزری؛ بە تایبەت کاتێ کەسی لادەر هەست بە بێهیوایی و نائومێدی و ڕەشبینی دەکات و، لە داب ونەریتی کۆمەڵگە یاخی دەبێت وەك پەرچەکردارێك بۆ ئەو پەراوێزخستن و پشتگوێخستنەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و ڕژێمە خۆسەپێنەرەکان ... ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەروونی و خاڵیکردنەوەی ئەو تووڕەیی و بێزارییەی بە دەستیەوە دەناڵێنێ . لێرەوە پەنا بۆ بیری توندڕەوی و گیانی تۆڵەسەندنەوە دەبات. ( ناصر بن مسفر الزهراني.د ت : ٢٣ . أحمد عزت راجح، د ت : ٤٧٥ ) .

٧ ) زاڵبوونی گوتاری ئالزانستی بە سەر گوتاری عەقڵانیدا : گومان لەوەدا نیە بزاڤ و ڕەوتە جیا جیاکانی گۆڕەپانی ئیسلامی ڕۆڵێکی ئەرێنی و دروست دەبینن لە سەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگەو ، هەوێنی ئاسایشی هزری و ئاشتی کۆمەڵایەتین . لە هەمان کاتدا ئەوەی تێبینی کراوە هەندێك لەم ڕەوتانە –کەم تا زۆر - بە شێوەیەك لە شێوەکان ، ئەندام و لایەنگرانی خۆیان لە سەرگوتارێکی عاتیفی و سۆزئامێز پەروەردە دەکەن و هێندەی هەژموونی عاتیفی بە سەر گوتاریاندا زاڵە، هێندە گوتاری عەقڵانی و مەعریفی زاڵ نیە . زاڵبوونی ئەم جۆرە گوتارە عاتیفییەش ڕێخۆشکەرە بۆ لادانی هزری و پێکدادان لە گەڵ نەیاران و هەڵگرانی بۆچوونە دژەکان . ( عبد الرحمن بن معلا اللويحق ، ١٤١٨هـ - ١٩٩٨م :٧٩ ).

٨ ) نەشارەزایی لە فیقهی واقیع : مەبەست لە فیقهی واقیع واتە شارەزابوون لەو واقیع و هەلومەرجە تێکەڵ و پێکەڵەی تیایدا دەژین ، وە ئاگاداربوون لە بارودۆخی موسڵمانان و ناسینی (توانا و ئیهاتوییەکان) و( ئامانج و مەبەستەکان ) . لەو لاشەوە ناسین و ئاگاداربوون لە پلان و پیلانەکانی ناحەزانی ئیسلام ، وە ئاشنابوون بە دەردو ئەخۆشیە جیاجیاکانی تاك و کۆمەڵ و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان و چارەسەرکردنیان .

بێ گومان شارەزایی و کۆکردنەوەی زانیاری زۆر لە بوارە فیقهیە جیاجیاکان بەس نیەو ، پێویستە ( فیقهی واقیع ) یش بایەخی خۆی پێ بدرێت، چونکە هیچی کەمتر نیە لە فیقهی مەعلوماتی و تیۆری . بە پێچەوانەوە ، هەندێ جار بێ ئاگایی لە ( فیقهی واقیع ) ، هاندەرە بۆ لادانی هزری و دروستبوونی گرفت و ، ناشیرینکردنی سیما دروستەکەی ئیسلام .

٩ )نەبوونی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەو، گفتوگۆی بونیادنەر : یەکێك لە سیما هەرەجوانەکانی سیستەمی پەروەردەیی و هزری ئیسلامی ( خوێندنەوەی بەرامبەر ) و ئەسڕینەوەی (ئەوی تره ) . بەڵام نەبوونی مەعریفەو زانیاری دروست سەبارەت بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو، گفتوگۆی بونیادنەر و خوێندنەوەی ئەویتر، ئەمانە کاری لادانی هزری ئاسان دەکەن و بیری توندڕەوی بەهێز دەکەن و، زۆر جاریش ڕێخۆشکەر دەبن بۆ لە دەستدانی ئاسایشی هزری و سەرهەڵدانی بیری تەکفیری و، خوێن حەڵاڵکردنی نەیارەکان بە پاساوی هەڵگەڕانەوەو دەرچوون لە ئایین .

١٠ ) نەبوونی هۆشیاری پێویست دەربارەی مەترسیەکانی لادانی هزری : ئەگەر هەموو لادانێك ئاسەوارو ئیفرازاتی خۆی هەبێت، ئەوا لادانی هزری ئاسەوارەکانی مەترسیدار ترن و دەرهاویشتەکانی ترسناکترن؛ چونکە هەموو پێوەرە ئاکاری و رەفتاریەکان و، سەرجەم سیستەمە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بە دەیان پاساوی نادروست ڕاستیەکان ئاوەژوو دەکات و پێوەرەکانیش ژێر پێ دەخات و دوا جاریش خوێنی بەرامبەر حەڵاڵ دەکات . وە بە ئەندازەی هۆشیاری تاك و کۆمەڵ بەرامبەر مەترسیەکانی لادانی هزری، دەتوانرێت ئەو مەترسیانە گەمارۆ بدرێن و پیلانەکانیش پوچەڵ بکرێنەوە .لەمبارەیەوە پێغەمبەری ئیسلام هۆشیاری دەدات و موسڵمانان لە مەترسیەکانی ئەم جۆرە لادانە ئاگادار دەکاتەوەو سێ جار دووپاتی دەکاتەوەو دەفەرموێت: ( هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ ) .( مسلم ، د ت : ٤/ ٢٠٥٥ ) .

<u>تەوەرەی سێیەم - میکانیزمە پارێزیاریەکانی ( الآليات الوقائيه ) ئاسایشی هزری :</u>

بۆ پاراستنی ئاسایشی هزری و ڕێگری لە هەر لادانێك ، پێویستە وەك دەرەنجامێکی بنەڕەتی پشت بە بنەمای ( خۆپارێزی لە چارەسەر باشترە ) ببەسترێت . چونکە بەهێزکردنی بەرگری هزری و مەعریفی و وشککردنی سەرچاوەکانی لادانی هزری لە تاکدا، دادەنرێت بە پارێزبەندی هزری و ، هەنگاوی یەکەمە بۆ داخستنی دەرگاکان بە روی لادانی هزری و، پاراستنی تاك لە هەر جۆرە هەڵدێرو سەرلێشێوان و گومرابوونێك ، وە دوورکەوتنەوە لە بیری توندڕەوی و تەکفیری و پەرگیری . گرنگترین میکانیزمە پارێزیاریەکانیش، ئەمانەی خوارەوەن :

يەكەم -بیروباوەڕی بەهێز : باوەڕی ڕاست ودروست و بەهێز سەرچاوەی بەرگری هزریە ، كۆڵەكەی كەسایەتی دامەزراوو بەهێزە . ئەو بەرگرییەی كە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و ئیشكالیاتە هزریەكان لە مرۆڤی باوەڕدا بەهێزدەكات . لە ڕوانگەی سایكۆلۆژیشەوە ئەوە سەلمێنراوە كە هێزی بیروباوەڕ بنچینەو بناغەی هێزی كەسایەتی یە ، خۆ ئەگەر تاك بە پێی بیرو باوەڕێكی نەگۆڕو تۆكمە ڕەفتاری دەكرد ئەوە بێ گومان توانای تێپەڕاندنی بەربەست و ناستەنگەكانی دەبێت، بەڵام ئەگەر بیرو باوەڕی فشۆڵ و لاواز بوو ئەوا ڕەفتارەكانی ناتەواوو لەرزۆك دەردەچن . ( الزنتاني،١٩٩٣: ٣٢٤ ) .

دووەم- پەروەردەی دروست: گومان لەودا نیە كە پەروەردەی ئیسلامی پرۆسەیەكی ئاماجنداره، ئامانجەكانیشی لە فەلسەفەكەیەوە سەرچاوە دەگرێت، كە دوورخستنەوەی هەموو زیانێكە لە مرۆڤ و گەیاندنی هەموو سوودو قازانجێكە بە مرۆڤ . لەمبارەیەوە ( ابن القيم ) دەڵێت: ( بناغەو بنچینەی شەریعەت لە سەر ڕەچاوكردن و پاراستنی بەرژەوەندییەكانی مرۆڤ لە دونیاو دوا ڕۆژ بونیاد نراوە. شەریعەتی ئیسلام هەمووی دادپەروەریە، هەمووی بەخشندەیی و ڕەحمەتە، هەمووی بەرژەوەندییە . وە هەر بابەتێك لە دادپەروەری لای دا بەرەو ستەم ، وە لە ڕەحمەتەوە بۆ دژەكەی ، وە لە بەرژەوەندییەوە بۆ زیانبەخشی ، وە لە فەلسەفەو داناییەوەبۆ هیچكەری ، ئەو كات ئەمانە لە شەریعەت دانین و پێوەی نالكێن یا بە زۆرو پاساویش پێوەی بلكێنرێت و بخرێتە سەر شەریعەت)( ابن قيم الجوزية، ١٣٨٨ هـ-١٩٦٨م : ٢/٣ گرنگترین پێكهاتە جۆرەكانی ( پەروەردەی دروست ) لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە :

١) بونیادی ئیمانی : واتە هەبوونی بیروباوەڕو وێناكردنێكی ڕاست و دروست بەرامبەر بە ( خودا ) و ( مرۆڤ ) و ( ژیان ) و ( بونەوەر ) ، وە بەدیهێنانی مانای بەندایەتی ڕاستەقینە بۆ خودا و پێگەیاندن و بونیادنانی ( مرۆڤی چاك و باش – الإنسان الصالح ) . لەم ڕووەشەوە جیاوازی هەیە لە نێوان ( هاوڵاتی چاك و باش – المواطن الصالح ) و ( مرۆڤی چاك و باش – الإنسان الصالح ) ، چونكە ئەوەی یەكەم ئامانجی سیستەم و فەلسەفەی پەروەردەیە مرۆییەكانەو، ئامانجی سنووردارەو سنوری شار یان وڵاتی هاوڵاتی تێناپەڕێنێت، بەڵام ئەوەی دووەم ( مرۆڤی چاك و باش – الإنسان الصالح ) ، ئەوا بەربەستە نیشتمانی و سنورە ناوخۆییەكان تێدەپەڕێنێت و ناتوانن سنوورداری بكەن . ( عبد الرحمن النحلاوي ١٤٣٠هـ- ٢٠٠٩م: ٩٠ . محمد قطب، د ت : ١/ ١٣ ) .

٢) بونیادی هزری و مەعریفی: واتە گەشەپێدانی توانست و توانا مەعریفی و هزریەكان و ،بەگەڕخستنی عەقڵ و بیركردنەوەو، تێڕامان لە ئایەتە قورئانیەكان و ئایەتە گەردونیەكان. ئەم پرۆسەیەش – واتە بونیادی مەعریفی و هزری – لە چەند پرۆسەیەكی هاوەل و گرێدراودا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە: درككردن، یادكردنەوە، ناسینەوە، تێڕامان، هەڵهێنجان، بەراوردكاری. (كريم قەرەچەتانی، ٢٠٠٧: ٢٠١-٢٠٥ . عزالدين أحمد عزيز، ٢٠١١: ٥٤-٥٨ ) . هەر یەك لەو پرۆسانەش ئەگەر بە شێوەیەكی شەرعی و ئەكادیمی ئاراستە بكرێن ، ئەوا گەورەترین خزمەت بە فیكرو ئاسایشی هزری دەكەن. (عباس جعفر حاجي، ١٤٠٧هـ- ١٩٨٦م : ٨٢ ) .

٢) بونیادی دەروونی : مەبەست لە بونیادی دەروونی، واتە ڕێککاری ڕەفتاری و ، دانبەخۆداگرتن وکۆنترۆلکردنی هەڵسوکەوتی مرۆیی و هەڵچوونەکانی، بە شێوەیەك کە لە گەڵ هەستکردن بە رازیبوونی خود بگونجێت ، وە ببێتە مایەی مسۆگەرکردنی پەیوستی و هاوپەیوەندی ئەرێنی و دروست لە گەڵ دەوروبەر . (عبلة بساط جمعة ، ١٤٢٦هـ - ٢٠٠٥م : ٣٣١ ) .

ئامانجی ئەم جۆرە پەروەردەو بونیادەش بریتیە لە پاککردنەوەو پاڵفتەکردنی ڕەفتارو و ئاکارەکانی تاکی موسڵمان و گەشەپێدانیان و پاکژییان لە هەر جۆرە خەڵتەو دەردو نەخۆشییەك . وە پاککردنەوەیان لە هەر جۆرە لادانێك و ، هەر جۆرە بیرکردنەوەو خولیاو دالغەیەکی ناپەسەند . بەم پێیەش بونیادی دەروونی فاکتەرێکی بەهێز دەبێت تا تاکی موسڵمان بە شێوەیەکی واقیعی و لۆژیکییانە لە ژیان بڕوانێت و، تێڕوانینێکی زانستیانەی بۆ ڕووداوو گۆڕانکاریەکان و مرۆڤەکان هەبێت ، وە پەرواو هەست و نەستی رازیبوون و بەختەوەری تیایدا گەشە بکات و، بەهاکانی ( گەشبینی و، متمانەو، خۆشەویستی و، لێبووردەیی و، نیازپاکی و، مرۆڤدۆستی ) لە ناخیدا بڕوێت . (عبد الباری محمد داود، ٢٠٠٥: ٣١ ، الشرقاوی: ٣٢ )

سێیەم : پیادەکردنی ڕێبازی (الوسگیه ) : میانەڕەوی، ڕێبازی ئاسمانی و، سیستەمی گەردوونی خودایی و ، دیارترین سیماو تایبەتمەندیەکانی ئاینی ئیسلامە ، وەك خوای گەورە لە دەفەرموێت : (وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا) . (سورەتی البقرە، ئایەتی ١٤٣) . میانەڕەوی بە دوو مانا لێکدراوەتەوە کە هەردووکیان لە خزمەت ئاسایشی هزری دان : مانای یەکەم: چاکترین و باشترین و تەواوترین تێر و تەسەلترین بەرنامەو ئاین و ئوممەت .مانای دووەم: ئاینێکی مامناوەند لە نێوان ( ڕۆچوون و زیادەڕۆیی – الغلو ) وە ( کەمتەرخەمی- التقصیر ).( البغوي ، ١٤٢٠ هـ: ١٧٤/١) . کەواتە میانەڕەوی بریتی یە لەوەی مرۆڤی موسڵمان – بە تایبەت بانگخواز – هاوسەنگی ڕاگرێت و دوور بێت لە توندڕەوی و زیادەڕۆیی و پەرگیری لە لایەك ، وە کەمتەرخەمی و کەموکوڕی و فەرامۆشکردن لە لایەکی تر. مەبەستیش بە ( هاوسەنگی – التوازن ) واتە بایەخدان بە سەرجەم لایەنە ماددی و مەعنەویەکانی مرۆڤ بە پێی پێویست و دوور لە زیادەڕۆیی و کەتەرخەمی، وگەشەپێدانی کەسایەتی بە ڕەچاوکردن و تێرکردنی پێداویستییە ڕۆحی و جەستەیی و کۆمەلایەتی و زەینی و هزری و ژیریەکان. (ابن رجب الحنبلي، ١٤٢٤هـ – ٢٠٠٤م: ١٢٦ ) . تەنانەت فەیلەسوفێکی وەك ( غەزالی ) هاوسەنگی وەك سیمایەکی بنەڕەتی ( میانەڕەوی ) هەژمار دەکات و پێی وایە ( هاوسەنگی ) نیشانەی دەروون دروستی یەو، لادانیش – بە تایبەت لادانی هزری – نیشانەی نەخۆشی دەروونیە . ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت: (ڕاستکاری – اعتدال – وهاوسەنگی لە ڕەوشتی مرۆڤدا نیشانەی درووستی و دەروونساغیە، بەڵام لادان و پەرگیری لەو ڕاستکاری و هاوسەنگیە دەردو نەخۆشی دەروونە . هەروەك ڕاستکاری و هاوسەنگی لە چۆنیەتی و شێوەی لەش تەندروستی لەش دەردەخات و ، لاری و لادان لەو ڕاستکاری و هاوسەنگیە لە لەشدا نیشانەی نەخۆشیە لە لەشدا ) . ( الغزالي ، د ت : ٦٠/١ ) .

**چوارەم - فیقهی واقیع :**

بۆ ( فیقهی واقیع ) پێویستە خەڵکانێکی شارەزا لە کۆمەڵگە ( داب و نەریتی ، ئاکارە باوەکانی، ئادابە گشتیەکانی، سیستەمی کۆمەلایەتی و ئابوری ، ئاستی هۆشیاری و رادەی تێگەشتن و وەلامدانەوەی خەڵکی بۆ ئیسلام، هتد..) قسە لە سەر مەسەلە پەیوەندیدارەکان بکەن و دەست بخەنە سەر برینەکان و رێنمایی دروست و چارسەری گونجاو بۆ کێشەو گرفتە جۆراوجۆرەکان دابنێن .

پێغەمبەری ئیسلام – درودی خوای لە سەر – زۆر گرنگی بە فیقهی واقیع داوەو رەچاوی قۆناغبەندی پەروەردەیی و سیستەمی کۆمەلایەتی و، هەلومەرجی ژینگەیی کردووە . لەمبارەیەوە بە دایکی موسلمانان – عائیشە – خوای لیّ رازی بێت دەفەرموێت : (لَوْلَا أَنَّ قَوْمَكِ حَدِيثُو عَهْدٍ بِجَاهِلِيَّةٍ - أَوْ قَالَ: بِكُفْرٍ - لَأَنْفَقْتُ كَنْزَ الْكَعْبَةِ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَلَجَعَلْتُ بَابَهَا بِالْأَرْضِ، وَلَأَدْخَلْتُ فِيهَا مِنَ الْحِجْرِ). (البخاري،١٤٠٧ – ١٩٨٧ : ١٨٠/٢ . مسلم، سەرچاوەی پێشوو : ٦٩٦/٢) .

**پێنجەم- ئاسایشی تۆڕەکان :** لە دەرهاویشتە نیگەتیف وترسناکەکانی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا : رووە ئایدۆلۆژی و هزری و بلاوبوونەوەی فرەچەشنی زانیارییە چەپەڵەکانە کە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت هەن، بە تایبەت کە ئێستا جیهان وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووەو کەناڵە ئاسمانیەکان و ئینتەرنێت بە تایبەت تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بە ئاسانی لە بەردەستی هەموواندان و، بێباکانە ( غەزو ) ی ماڵەکان دەکەن و، کار لە سەر سڕکردنی مێشك و هزر دەکەن . هەر ئەم حاڵەتەشە کە بووەتە مایەی نیگەرانی وڵاتانی جیهان – بە تایبەت وڵاتانی رۆژئاواو ئەخاسمە ئەمەریکا کە بۆ یەکەمین جار ئەم تۆڕە لەوێوە سەری هەڵدا – و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی تەواو نیگەران کردووە. (عەلیرەزا گەنجی و پیتەر فیلیمینیگ و مایکیل ئیستۆل، ٢٠٠٧ : ٩-١٠ .) . لێرەوە وە بۆ پاراستنی عەقڵەکان و فیکرەکان ( بە تایبەت عەقڵ و هزری لاوان) لە مەترسی هەژمونی تەکنۆلۆژیا، پێویستمان بە ( ئاسایشی تۆڕەکان ) هەیەو دەبێت تەکنۆلۆژیا ( تەوزیف ) بکرێت بۆ خزمەتی فیکرو دروستکردنی بەرگری هزری . وە ئەرکی دەزگا پەیوەندیدارەکان و دەزگا ئەکادیمی و زانستیەکان و خێزانەکانە کار لە سەر ( ئاسایشی تۆڕەکان ) بکەن ، بۆ مسۆگەرکردن و پاراستنی ( ئاسایشی هزری ) . چونکە ئەگەر تەکنۆلۆژیا ( کۆنترۆڵ ) نەکەین و ئاسایشی تۆڕەکان مسۆگەر نەبێت، ئەوا لایەنە باشەکانی لیّ بەرهەم نایەت و . هەروەها دەستوەردان لە زانیاریەکان – وەك ژێرخانی هزری نەتەوەکان – لە لایەن گروپ و رێکخراوە نێونەتەوەییە لادەرو تێکدەرەکانەوە وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر شێواندنی ئاسایشی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت. (بڕوانە : عەلیرەزا گەنجی و پیتەر فیلیمینیگ و مایکیل ئیستۆل، هەمان سەرچاوەی پێشوو : ١١ بۆ دواوە . د. خالد بن عبدالرحمن القريشي، ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م : ١٠٦-١٠٩ ) .

**شەشەم: گفتوگۆی بونیادنەرو خوێندنەوەی ئەوی تر :** جیاوازی راو بۆچوونەکان مەسەلەیەکی تازە نیەو لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ). (سورەتی هود، ئایەتەکانی : ١١٨-١١٩) .

دواتریش فەرمان بە موسڵمانان دەکات کە لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی و رای جیاواز بگەڕێننەوە بۆ لای خوای باڵا دەست و پێغەمبەری ئیسلام ، وەك دەفەرموێت: ( فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ). ( سورەتی النساء، ئایەتی ٥٩ ) . تەنانەت هاوەڵانی پێغەمبەری خودا رەزای خوا لەوان و درودی خوا لە سەر پێغەمبەر، راوبۆچونی جیاوازیان هەبووەو پێغەمبەری خوداش لە ناویاندا حوزوری هەبووە، لە سەردەمە جیاجیاکانی دەسەڵاتی ئیسلامیشدا ، دەیان راوبۆچوونی فیقهیی جیاواز سەریان هەڵداوە لە بوارە فیقهیە جۆراوجۆرەکاندا و ، زۆر جاریش زانایان پۆزشیان بۆ یەکتری هێناوەتەوە . (الأجري ، د ت : ٦٦-٧٠ . ابن قيم الجوزية ١٤١١هـ - ١٩٩١م :٣٥/١، ٦٧ ) .

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر رۆژگارێك پێویستیمان بە گفتوگۆی بونیادنەر و ئامانجدار هەیە کە رەچاوی خاڵە هاوبەشەکان بکات لە سەر بنەمایەکی شەرعی – ئەکادیمی .وە رەچاوی بنەماکانی گفتوگۆی بونیادنەر بکرێت کە گەرەنتی پاراستنی ئاسایشی هزری دەکەن . (سليمان العمر : ٤٧- ٥٢ . الفيفي، ١٤٢٧: ٩٠-٩٧ )

حەوتەم: شارەزایی و ناسینی بنەماکانی فەرمان کردن بە چاکەو رێگری لە خراپە : مەبەستی ئێمە لێرەدا قسە کردن نیە لە سەر گرنگی و بایەخی فەرمانکردن بە چاکەو رێگریکردن لە خراپە ، بە ئەندازەی ئەوەی مەبەستمانە قسە لە سەر بنەماکانی فەرمانکردن بە چاکەو رێگریکردن لە خراپە بکەین ، وە پەیوەندی ئەو میکانیزم و بنەمایانە بە ئاسایشی هزری و، دورکەوتنەوە لە هزری توندڕەوی و تەکفیرو حەڵاڵکردنی خوێنی مرۆڤەکان بە گشتی و موسڵمانان بە تایبەتی . لە گرنگترین بنەماکانی فەرمان کردن بە چاکەو رێگریکردن لە خراپە بریتین لە :

١) کەسێتی : مەبەستمان لەم بنەمایە ئەوەیە ئەو کەسە خاوەنی کۆمەڵێك سیفات و ئاکار بێت، لە گرنگترین و پێویستترین سیفات و ئاکارەکانیش لەم مەیدانەدا بریتیە لە : زانست و زانیاری، ئارامگری و لە سەرخۆیی و ،نەرم و نیانی ، خۆپارێزی – تەقوا- ، دانایی . (ابن تيمية ،سەرچاوەی پێشوو ١٣٧/٢٨ . الغزالي،سەرچاوەی پێشوو ٣١٥/٢ ) .

٢) راستکار ی و هاوسەنگی : ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەو خراپەیە زیاد لە خۆی گەورە نەکرێت، هاوکات بچوکیش نەکرێتەوە . (ابن عبد السلام ، ١٤١٤ هـ - ١٩٩١ م، ١٣٧/١ ) .

٣) رەچاوکردنی قۆناغەکانی فەرمانکردن بە چاکەو رێگری لە خراپە : وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەری ئیسلام ( درودی خوای لە سەر بێت ) هاتووە ، کە دەفەرموێ: (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ).( مسلم، سەرچاوەی پێشوو ٦٩/١ ) .

ئەوەی لێرەدا مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی هزری، رەچاونەکردنی قۆناغبەندی گۆڕانی خراپەکەیە، وە یەکێك لە هۆکارەکانی هزری توندڕەوی لادانە لەو قۆناغبەندییە کە فەرموودەکەی پێشەوە بۆی دیاریکردین . بێ گومان ئامانج لە گۆڕانی خراپەو خراپەکاری، چاکسازی و خێرو بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵە،

لە بەر ئەوە نابێت و لە شەرعدا ڕێپێدراو نیە کە گۆڕانی خراپەیەك خراپتر بە دوای خۆیدا بهێنێت . بۆیە شەرعناسان لەمبارەوە دەڵێن: دوورخستەنەوەو لابردنی خراپەکاری لە پێشترەو گرنگترە لە مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی (درء المفاسد أولى من جلب المصالح) . . (الجصاص ١٤٠٥ هـ، ٢١٧/٢ . الزحيلي، ٢١٨/٨ . الشوكاني ٢٦٢/٧-٢٦٣) .

<u>توێژینەوەی چوارەم- میکانیزمە چارەسەرییەکانی ( الآليات العلاجيه )ناسایشی هزری:</u>

سەرباری پیادەکردنی ( میکانیزمە پارێزیاریەکان ) کە زامنی پاراستنی ئاسایشی هزرین و بەربەستێکی تۆکمەو بەهێزن لە بەردەم هەرچەشنە لادانێك. بەلآم گومانیش لەوەدا نیە کە لادانی هزری ڕوودەدات و ، هەندێ جار ئاسایشی هزری ئەکەوێتە مەترسی و، خەڵکانیکی لادەر لە ڕوی هزریەوە پەنا بۆ توندو تیژی و توندڕەوی هزری و تیرۆر دەبەن . لێرەدا ئاماژە بە چەند میکانیزمێك دەدەین بۆ چارەسەری لادانی هزری و، پێمان وایە پیادەکردنیان زامنی ئاسایشی هزرین و ، چارەسەری دروست و زانستین بۆ ئەو بێ سەرو بەرییەی ئەمڕۆ ڕوی لە گۆڕەپانی هزری ئیسلامی کردووە، بە تایبەت لە ڕوی هزری توندڕەوی و لە بەرامبەریشەوە هزری شلڕەوی - ئیرجائی .

یەکەم _ <u>ڕەواندنەوەی گومانەکان و ڕاستکردنەوەی چەمکەکان</u>: لەمبارەیەشەوە ئەوەی زۆر گرنگە چەمکەکانی ( تەکفیر و پرنسیپەکانی ) و (هەڵگەڕانەوەو هەڵگەڕاوە —و مەرجەکانی ) و پرنسیپەکانی ( ئیمان ) و ( قۆناغبەندی لابردنی مونکەر – وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ) ئەم بابەتانەو مەسەلە پەیوەندیدارەکانیان، بە شێوەیەکی زانستیانەو بە تێگەشتنێکی شەرعی و دوور لە کەمو کوڕی لە لایەك و، زیادکردن و توندڕەوی لە لایەکی تر ، وە لە لایەن کەسانی شارەزاو لە سەرچاوە زانستیەکانەوە ، ڕوون بکرێنەوەو تاکی کوردییان پێ ئاشنا بکرێت ، بە تایبەت توێژی ئەوجەوانان و هەرزەکاران. ( الوهيبي، ١٤١٦هـ- ١٩٩٦: ٢٠١/١-٢٢٥) .

لە گرنگترین پاڵنەرەکانی پرۆسەیەکی فرە ڕەهەندی وەك ( <u>ڕەواندنەوەی گومانەکان و ڕاستکردنەوەی چەمکەکان</u> ) بریتیە لە ( دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان زانایان و لاوان ) . چونکە ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دەکرێت ئەو ( درزەیە ) کە لە نێوان ئەو دوو چینەدا دروستبووەو، هەر ئەمەشە بووەتە ڕێخۆشکەری بۆ دەیان لادانی هزری و سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی چەوت و نادروست و لادەر لە بازنە ئیسلامیەکەی هزر. ( اللويحق ، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٩ . السدلان: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٩-١١) .

دووەم _ <u>ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی</u> ؛ مەبەست لە ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی ئەو ( پرۆسە دینامیکیە بونیادنەرەیە کە دامەزراوە لە سەر پەیوەندییەکی پیشەیی ئەکتیڤ و کاریگەر لە نێوان ڕێنمایکاری دەروونی ( المرشد )و ڕێنمایکراو ( المسترشد ) دا، بە شێوەیەك ئەم پەیوەندییە ببێتە ڕێخۆشکەر تا ڕێنمایکراو خۆی بناسێت و هەروەها یارمەتیدانی ڕێنمایکراو بۆ بەرچاوڕوونی سەبارەت بە تووانست و لێهاتووی و کارامەییەکانی لە لایەك و، ناسینی هۆکارەکانی گرفت و شڵەژانە دەروونییەکانی لە لایەکی تر ، وە خولقاندنی جۆرێك لە خۆڕاستاندن و گونجان لە گەڵ خودو خەڵکانی تر ). ( حسن المحمداوي٢٠٠٨ : ٥ . الشناوي ٢٠٠١ : ٩٢) .

لەم قۆناغەدا تاکی لادەر پێویستی بە سەر لەنوێ بونیادنانەوە هەیەو ئەمەش لە ڕێی دەستنیشانکردنی فاکتەرەکانی تێکشکان و، لادان و ،نائومێدی و ڕەشبینی و ، هەڵوەشانەوەی خێزانی و، پەنابردن بۆ توندوتیژی و، ڕەتکردنەوەی ئەوی تر . وە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دەروونتەندروستی بۆ تاکی لادەر چونکە لەم حاڵەتەدا لە ڕوی دەروونیەوە بە پێی پرنسیپە سایکۆلۆژیەکان کەسێکی نەخۆشە . ئەم هەنگاوەش لە ڕێی پیادەکردنی ئەم خاڵانەوە دەبێت:

١) بونیادنانەوەی کەسایەتی تاك و ڕاگرتنی هاوسەنگی هەڵچوونی ( التوازن الانفعالي ) .

٢) پاراستنی دەروونتەندرووستی تاك . چونکە پرۆسەیەکی ئێجگار پێویستەو ئاینی پیرۆزی ئیسلام وە سەرجەم قوتابخانەکانی دەروونناسی جەخت لە بەدەستهێنانی دەروونتەندرووستی تاك دەکەنەوە .

٣) لە ڕێنمایی ئاینیدا کار لە سەر ڕەهەندێکی زۆر گرنگ دەکرێ، ئەویش لایەنی ڕۆحیە.بۆیە جێگیرکردنی باوەڕێکی بتەو بە خوای گەورەو پەیامەکەی، هەوڵی زامنکردنی ئاسوودەیی و بەختەوەری تاکی لادەرە .

٤) هۆشیارکردنەوەو بونیادنانەوەی تاکی لادەر لە ڕووی ڕەفتاری و دەروونیەوە. ( حامد عبد السلام زهران، سەرچاوەی پێشوو : ١٢ ) .

سێیەم: بەگەڕخستنی دەزگا پەروەردەییەکان: دەزگا پەروەردەییەکان کە خۆیان دەبیننەوە لە ( خێزان، مزگەوت، ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان، میدیا ) سەرچاوەی سەرەکی پاراستنی هزرن و، ناوەندی چارەسەری نەخۆشیە هزریەکانن و ، ڕۆڵی بنەڕەت دەبینن لە هەر چەشنە لادانێکی هزری .

١) خێزان: خێزان دادەنرێت بە قەڵای پۆڵایین بۆ پەروەردەی تاك و گەشەپێدانی خولیاو سەلیقەو توانستەکانی و ڕێکخستنی حەزو ئارەزوەکانی وە ڕێنماییکردنی تاك بۆ ژیانێکی دروست و ئارام . توێژینەوەو لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و سایکۆلۆژیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە خێزان سەرچاوەی ئاراستەکردن و دیارکردنی کەسایەتی مرۆڤە بە هەردوو ئاراستەی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ .

ڕۆڵی خێزان لە ( پاراستنی ئاسایشی هزری ) و ( چارەسەری لادانی هزری ) لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە :

١. پەیوەندی بەردەوام لە نێوان منداڵ( لاوو نەوجەوان، هەرزەکار، گەنج ) و باوك و دایك، بۆ ئەوەی باوك و دایك ئاگادار بن لە ڕەفتاری منداڵەکەیان و وردەکاریەکانی ژیانی و، چینی هاوڕێیانی . چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا سەرسامەو دەکەوێتە ژێر وروژاندن و کاریگەریەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و، داب و نەریتی کۆمەڵگەو ، فشاری هاوڕێیان و دۆستانی لە ناوەو دەرەوەی ناوەندەکانی فێربوون. ( أحسن محمد طالب ، ٢٠٠٥ : ١٢٥-١٢٧ ) .

٢. بونیادی تێگەشتنێکی ڕاست و دروست – بە تایبەت لە ڕوی هزریەوە- سەبارەت بە ( خودا ) و( خود ) و( خەڵك ) و( ژیان ) و( بونەوەر ) ، وە پەورەردەکردن و بونیادنانی کەسایەتیەکی ناوازە، هەروەها دەستخستنی زانیاری دروست بۆ ڕەفتارو خۆڕازاندنەوە بە بەها باڵاکان . ئەمانەش هەموویان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر ئاسایش هزری و ڕەفتارو ممارەسەی دروست .

٣. دابینکردن و دەسەبەرکردنی پێداویستیە خۆڕسکەکانی مرۆڤ و پاڵفتەکردنی ڕەمەکەکان و تێرکردنی پێداویستیەکان و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان پاڵنەرەکان و، ( تەوزیفی ) هەڵچوونەکان، وە بتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەلأیەتیەکان لە نێوان ئەندامانی خێزان .

٤. پیادەکردنی میتۆدە زانستی و پەروەردەییەکان لە گەڵ منالان و هەرزەکاران و ئەوجەوانان، بە شێوەیەکی هاوچەرخ و سەردەمیانەو دوور لە لاسایکردنەوەو دیماگۆجیەت و دۆگمایی. ( محمد زياد حمدان، ١٤٠٦هـ١٩٨٦م : ٤٢ ) .

٥. چاودێریکردنی منالأن لە سەرجەم قۆناغە جیاجیاکانی تەمەن لە کاتی فێربوون وەرگرتنی زانست و زانیاری . ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێ ئەم چاودێریکردنە تەنها لە ڕوی چەندێتیەوە نیە، بەڵکو ئەوەی گرنگە لە ڕوی چۆنیەتی و چیەتی ئەو بابەتانەیە کە منالٔ فێری دەبێت تا منالٔ نەکەوێتە قەیرانی مەعریفی و ئیزدیواجیەتی بەهایی و ئاکاری و، دروستبوونی مەترسی لە سەر ئاسایشی هزری . ( الهماش، سەرچاوەی پێشوو : ١٥ ) .

٦. سزادانی مادی و مەعنەوی لە سەر ئەنجامدانی ڕەفتاری ناپەسەندو سڕینەوەی، لە بەرامبەریشدا پاداشتی مادی و مەعنەوی لەسەر ئەنجامدانی ڕەفتاری دروست و بەهێزکردنی.( حامد محمد، ١٤٢٥هـ : ٧، الفرماوی، سەرچاوەی پێشوو : ٢٦٤ ).

٢) مزگەوت: لە کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکان، مزگەوت دادەدەنرێت بە دیارترین و کاریگەرترین ناوەندی پەروەردەو پێگەیاندن ، وەبلأوکردنەوەی زانست و زانیاری دروست و ، چاندنی تۆی سۆز و خۆشەویستی لە ناخی موسڵمانانندا بۆ مرۆڤایەتی و ، زانینی ئەرك و مافەکانیان. وە بە درێژایی مێژووی مزگەوت لە ئیسلامدا، ناوەندێکی گرنگ بووە بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی موسڵمانان و، ڕونکردنەوەی یاساکانی ئیسلام .( النحلاوی، سەرچاوەی پێشوو : ٢٨ ) . وە سەرباری ئەوەی مزگەوت شوێنێکە بۆ ئەنجامدانی پەرستشەکان، هاوکات دیارترین دوانگەشە بۆ تێگەیاندن و شارەزاکردنی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکان و، ئاسەوارە دەروونی و کۆمەلأیەتی و ڕەفتاریەکانی شاراوە نیە لای هەر کەس کە کەمترین شارەزایی لە مێژووی ئیسلام و ڕۆڵی مزگەوت بە تایبەت هەبێت ( ابن كثير، ١٣٩٥ هـ - ١٩٧٦ م : ٢/ ٢٥٠ . محمد قطب، سەرچاوەی پێشوو : ١٠٩/١ ) .

لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەدەین کە لە ڕێی بەگەڕخستنی مزگەوتەوە شورایەکی پۆلایین بۆ ( ئاسایشی هزری ) دروست دەکات :

أ- ئامادەکردن و پێگەیاندنی پێشنوێژو بانگخوازانێک بە جۆرێك کە بگونجێت لە گەڵ ڕۆڵ و ئەرکە بنەڕەتیەکانی مزگەوت لە ژیانی موسڵماناندا .

ب- ئامادەکردنی وتارو وانەو سیمیناری جۆراوجۆر کە نوێگەری پێوە دیاربێت، وە بە شێوازێکی زانستی و پەروەردەیی و دوور لە هەڵچوون و هەڵەشەیی . وە ڕێنمایی موسڵمانان بکات بۆ ئاکارە جوانەکان، وە هۆشداریان پێ بدات لە لادانی هزری .

ت- بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی نێوان پێشنوێژو نوێژخوێنان، وە بەسەرکردنەوەی هەژاران و نەداران و ، چارەسەکردنی کێشەکانیان، چونکە هەندێ جار کەمدەرامەتی و دەستکورتی پاڵنەرن بۆ لادانی هزری.

پ- بایەخدان بە پرۆژەو پرۆگرامی هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن کە لە لایەك خەڵکی گەرمك ( بە تایبەت لاوان ) سەرقاڵ بکات و کاتی بۆشایی و بێکاریيان بۆ پڕ بکاتەوە، وە لە لایەکی تر ئاگادار بن لە مەترسیەکانی ( شاڵاوی هزری ) و دانانی پلان و میکانیزمی دروست و گونجاو بەرامبەر شتە نوێیەکانی مەیدانی هزر. (الحازمی ، ١٤٢٠هـ - ٢٠٠٠م : ٣٠٠- ٣٠٢ .امل محمد احمد، ١٤٢٧هـ : ١٤٢-١٤٤) . لە ڕێی ئەم میکانیزمانەوە دەتوانرێت مزگەوت بکرێتە ناوەندێکی کاریگەر هەم بۆ پارێزیاری ئاسایشی هزری، وە هەم بۆ چارەسەری هەر چەشنە لادانێکی هزری .

٢) <u>ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن</u> ( باخچەی ساوایان، قوتابخانەکان، زانکۆو پەیمانگاکان ) : ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن ئەو ناوەندانەن کە منالّ لە ڕێیانەوە هەنگاو بە هەنگاو هەر لە منالیەوە کاروانی ژیانی دەست پێدەکات و، دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیان.

ئەم ناوەندانە چی وەك دەزگا وە چی وەك ئۆرگانێکی کۆمەلایەتی . لە سەر دەستی کۆمەڵگە دامەزراون بۆ ئەوەی وەك چەند دەزگایەکی تایبەت و پسپۆڕ بە ئەرکی خۆیان هەستن لە ڕوی پەروەردەو فێرکردنەوە، وە گواستنەوەو گەیاندنی کلتوری نەوەکانی ڕابردوو بۆ نەوەکانی ئێستا . (الفرماوي، سەرچاوەی پێشوو : ٢٦٥) .

ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن بەرپرسیارێتیەکی پەروەردەیی و کۆمەلایەتی گەورەیان لە ئەستۆدایە، هەروەها پێویستیان بە کۆمەڵێك پرنسیپ و میکانیزم هەیە تا ببنە ناوەندێکی کاریگەر لە مسۆگەرکردن و پاراستنی ئاسایشی هزری ، وە بەم چەند ڕێگایە :

أ- جەختكردنەوەو سووربوون لە سەر مەبەستی سەرەكی و ئامانجی بنەڕەتی پرۆسەی پەروەردەی ئیسلامی ، كە ئەویش ئامادەكردنی ( مرۆڤی چاك و خێردۆست و مرۆڤدۆست ) و ( كۆمەڵگەیەكی ئارام و ئاسوودەو بۆ خوا سوڵحاو ) و مسۆگەركردن و بەدیهێنانی ماناكانی بەندایەتی راستەقینەیە بۆ خودا .

ب- گەشەپێدانی سەلیقەو كارامەییەكانی ( بیركردنەوەی داهێنەرو بونیادنەر ) لە ڕێی ئەو بابەتە مەعریفیانەی كە ئاستی تێڕوانین و تێرامان و درككردن و توانای بەئاگابوون لە زانست و زانیاریە كۆنەكان و تێگەشتنە نوێیەكان پەرە پێدەدات و ، لینكی پەیوەندی لە نێوان كۆن و نوێدا دروست دەكات بەو شێوەی لە خزمەت ئاسایش بە گشتی و ئاسایشی هزری دا دەبێت .

ت- گەشەپێدانی سەلیقەكانی( شیكاری )و( پێكهێنان – تركیب )و( دەرەنجامگرتن ) تا فێرخواز كەسێكی دۆگما و دەوستەسان نەبێت و ، خاوەن دونیابینیەكی ڕاست و دروست بێت سەبارەت بە ڕوداو و گۆڕانكاریەكان و كەسەكان و گروپ و تاقمۆكە لادەرەكان .

پ- بەهێزكردن و چەسپاندنی تێڕوانینێكی ئیسلامیانە كە سیماكانی عەقلانیبوون و واقیعیبوون و سەردەمیانەی پێوە دیاربێت، بۆ بابەتەكانی وەك مافەكانی مرۆڤ و، پێكەوەژیان و، هاوڵاتیبوون و، سیستەمی سیاسی و، ئادابە گشتیەكانی كۆمەڵگە.

ج- پێدانی تێگەشتنێكی راست و دروست بۆ بابەتەكانی ( تەكفیر ) و ( جیهاد )و( قیتال ) و، ڕەواندنەوەو پوچەڵكردنەوەی گومانەكانی ( تیرۆر) و( تەقنیەوە ) و( خۆتەقاندنەوە ) و (تەحریم و تەجریمی ) كوشتنی هاوڵاتیانی سڤیل و بێدەسەلات .

ح- كاركردن بۆ بەهێزكردن و توندوتۆڵكردنی پەیوەندی نێوان خێزان و ناوەندەكانی پەروەردەو فێركردن، بە شێوەیەك كە هەریەكەیان ( خێزان و ناوەندەكانی پەروەردەو فێركردن ) ببێتە درێژە پێدەری ئەوی تر، لە پەروەردەو پێگەیاندنێكی هاوسەنگ و ڕەخساندنی ژینگەیەكی ئارام بۆ گەشەپێدانی ئاسایشی هزری . وە بۆ زیاتر بەئاگابوون و ئاگاداربوون لە هەڵسوكەوتەكانی منداڵ بە گشتی و، بەدواداچوون و چارەسەری گرفتەكانی بە تایبەتی . (زانیاری زیاتر لە : الطويل، بلا : ١٤-١٦ . ليلك الصفدي و أحمد عصام الصفدي : ٢٢-٢٥ جمادي الأول، ١٤٣٠هـ : ١٤-١٦ . ناجح إبراهيم عبد الله وعلي محمد علي، ٢٠٠٢ : ١٩-٢٠ . وفاروق عطية و يوسف بخيت، ٢٠١٠ : ٥٥-٥٧ ) .

٤) دەزگاکانی ڕاگەیاندن (میدیا ) : ڕۆڵ و کاریگەریەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بە دەستهێنانی چەندین ئەرك و دەستکەوتی پەروەردەیی شتێکی بەڵگەنەویست و حاشا هەڵنەگرە، چونکە لە ڕێی ئەم دەزگایانەوە ( بینراوو، بیستراوو، خوێنراو ) کارلێکردنی مەعریفی و بەهایی لە سەر وەرگر دروست دەبێت و، لەم ڕێگەشەوە پرۆسەکانی ئاراستەکردن و، هۆشیارکردنەوەو، ڕۆشنبیرکردن دروست دەبێت، وە پاڵ بە وەرگرەوە دەنێن لە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لە کۆمەڵگە .

ئێمە لێرەدا قسەمان لە سەر کاریگەرییە خراپ و نێگەتیڤەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن نیە ، هێندەی مەبەستمانە قسە لە سەر کاریگەریەکانی ئەم دەزگایانە بکەین لە بەرهەمهێنانی ئاسایشی هزری و ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاوو لەبار بۆ گەشەکردنی ئاسایشی هزری و دابینکردنی کەشێکی ئارام بۆ تاك .

لە لایەکی ترەوە وە بۆ پاراستنی ئاسایشی هزری ، ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە چاودێری بازاڕەکانی میدیاو ( بڵاوکراوە بینراوەکان ) کەناڵەکانی ئاسمانیەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بکەن ، وە لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لە گەڵ ئەو دەزگایان بکەن کە ژینگەی ئاسایشی هزری تێکدەدەن و مەترسین بۆ سەر تاك و ، کار لە سەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵ دەکەن ( بە هەر بیانویەك بێت ) و، هاندەری بیری لادەرو گومڕان و دروستکەری جەنگی دەروونین لە ڕێی دەنگوو هەواڵی نادروست و درز خستنە ڕیزەکانی هاونیشتمانیان. (بڕوانە: امل محمد احمد، سەرچاوەی پێشوو : ١٣٧-١٤٠ . كولبانوفسكي وآخرون، بلا : ١٣٧ . حامد عبدالواحد، سەرچاوەی پێشوو : ١٢١ ، منى حداد يكن، ١٤٠٢هـ - ١٩٨٢م :٣١. ) .

چوارەم: پرۆژەی چاودێریکردن و پەند دادان و تەمبێ کردن ( مشروع الرعايه والمناصحه ) : مەبەست لەم پرۆژەیە گێڕانەوەی کەسی لادەرە بۆ ڕیزی هاونیشتمانیانی ئاسایی و ڕاستکردنەوەی هزری و ، ڕەواندنەوەی گومانەکانی . ئەمەش لە ڕێی خەڵکانێکی پسپۆڕ لە (شەرعناسان) و ( دەروونناسان ) و ( کۆمەڵناسان ) ەوە دەبێت . ئەم پرۆژەیەش ڕۆڵ و کاریگەری خۆی سەلماندووە لە وڵاتی سعودیە بە - شێوەیەکی زۆر تایبەت وکاریگەر - وە وڵاتانی میسرو جەزائیرو یەمەن . وە توێژینەوەکان لە وڵاتی سعودیە ئەوە دەردەخەن کە لە ٨٥٪ ی بەشداربوانی ئەم پرۆژەیە سوودمەندبوون و ، وەڵامدانەوەی دروستیان هەبووە بۆ پلان و بەرنامەکانی پرۆژەی چاودێریکردن و پەند دادان و تەمبێ کردن (الرعاية والمناصحة ) و، گەڕانەتەوە سەر باری ئاسایی خۆیان. ( بڕوانە : مركز الأمير محمد بن نايف للرعاية الشاملة والمناصحة، ١٩/ تموز/٢٠١٠ : ١١ . متعب بن شديد بن محمد الهماش ، سەرچاوەی پێشوو : ١١-١٢) .

پێنجەم - بەشداری سیاسی : زۆرینەی پسپۆڕانی بواری زانستە سیاسیەکان پرۆسەی (بەشداری سیاسی ) بەم شێوەیە دەناسێنن : ( مافی هاوڵاتی لە بینینی ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان... یان مافی هاوڵاتیان لە چاودێریکردنی ئەو بڕیارانەی لە دەسەڵاتەوە دەردەچن ، ئەمەش بە ڕاستکردنەوەو کۆنترۆڵکردن ).( عبد السلام إبراهيم، ١٩٩٢ : ٢٨٦. ثامر كامل محمد، ٢٠٠٠ : ١١٧-١١٨) .

گومان لەوەدا نیە - وەك لە میكانیزمە پارێزیاریەكان ئاماژەمان پێدا - كە یەكێك لە هۆكارەكانی لادانی هزری، هەوڵەكانی پەراوێزخستن و دوورخستنەوەو سڕینەوەی ڕەوتی ئیسلامیە، جا بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش پێویستە لەو بنەماوە دەست پێ بكەین كە: ( ماناكانی لێكتێگەیشتن و ڕێز و پێكەوە ژیانی ئاشتیانە ، ئەمانە ئەسڵ و بنەڕەتن، وە بەشێكن لەو ئاسایشی كۆمەڵگەیەی كە بە شەرع و عەقڵ پێویستە هەموان پارێزگاری لێبكەین ) . (استن رني ، ١٩٦٦ : ١٨٢-١٨٤ . العقابي ، ٢٠٠٦ : ٥٠) . وە بەشداری سیاسی لە فرەیی سیاسییەو سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بە ڕەچاوكردنی بەرژەوەندیە باڵاكان و مافی گشتی ، چونكە لە هەموو حاڵەتەكاندا دەبێت فرەیی سیاسی ( فرەیی پرۆژەو بەرنامە ) بێت ، نەك زەمینەیەك بێت بۆ خۆسەپاندن و چەوساندنەوەو دیكتاتۆریەت . وە دەبێت ئەو فرەییە ڕەنگدانەوەی ئازادیە گشتیەكان بێت بە ئازادی ئاینیشەوە ، چونكە بەشداری و پاراستنی مەبەستی ئازادی، بناغەو بنەمایە بۆ پاراستنی هەر پێنج مەبەستە پێویستەكانی شەریعەت و لێیان جودا نابێتەوە .

شەشەم- سەرقاڵكردنی لاوان وچارەسەری كێشە كۆمەڵایەتی و ئابوریەكان: لە ڕێی ئەم میكانیزمەوە دەتوانرێت كەسی لادەر و ڕێوونكەر ببێتەوە بە كەسێكی ئاسایی و جارێكی تر لە ڕیزی كۆمەڵگە جێی خۆی بكاتەوە. لە بەر ئەوەی دۆزینەوەی هەلی كارو سەرقاڵكردن و بەرهەمهێنانی سەلیقەو كارامەییەكانی ئەم كەسەو باش بەكارهێنانی توانستەكانی، بوار دەڕەخسێنێت تا بیر لە هیچ چەشنە هەنگاوێكی نادروست بكاتەوەو، بە پێچەوانەوە سەرگەرمی چەندین چالاكی ئاینی و، هونەری و، ڕۆشنبیری و، وەرزشی و، كۆمەڵایەتی بكرێت، چ لە ناوەندەكانی تایبەت بە لاوان، یان ئەو ناوەندانەی كە كاری چاكسازی لادەرو گومڕاكان لە ئەستۆ دەگرن. (العمري، ١٤١٢هـ : ١١٦-١٢٢ . سليمان بن عبد الرحمن العقيل: ١٤١٠ هـ - ١٩٩٠ م : ١١ - ١١٢) . لە لایەكی ترەوە وە بە هۆی چارەسەری گرفتە كۆمەڵایەتی و ئابوریەكانیەوە، كەسی لادەر بیر لە گیانی تۆڵە سەندنەوەو خۆفرۆشی و كاری تونلو تیژی و تێكدەرانە ناكاتەوە ، چونكە پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی و دەروونی وە بواری ئابوری جەخت لەوە دەكەنەوە كە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان بێكاری و لادان بە هەموو جۆرەكانیەوە . (نهاد عبد الحليم ، محرم ١٤٢٤هـ -مارس ٢٠٠٣ : ٧٨ ، صلاح الدين فهمی محمود ،١٤١٤هـ : ١٤٠-١٤٢ . ). ئەم هەنگاوانەش كە باسمان كردن ، دەبنە جێگیرەوەی – بدیل– ی هەر چەشنە بیركردنەوەیەكی چەوت و ناڕاست و، هەر ڕەفتارێكی خراپ و لادەرانە لای كەسی لادەر .

**كۆتایی( دەرەنجام و راسپاردەکان )**

**یەکەم : دەرەنجامەکان**

بە چاوگێران بە گۆرەپانی هزری چ لە بازنەی هزری ئیسلامی، وە چ لە دەرەوەی بازنەی هزری ئیسلامی، ئەو راستیەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەمڕۆ ململانییەکی توند هەیە لە نێوان ( هزری رەسەنی ئیسلامی ) و ئەو رەوتە لادەرانەی کە لە سەر هزری ئیسلامی هەژمار دەکرێن و بە شێوەیەك لە شێوەکان سیما جوانەکەی ئیسلامیان لە بەرچاوی خەڵکی شێواندووە لە لایەك . وە لە نێوان هزری ئیسلامی و هزری دونیاگەری و سیکۆلار لە لایەکی تر ..

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا – بە پشتیوانی خوای گەورە – هەوڵی داوە لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمی و مەعریفی ( ئاسایشی هزری ) بناسێنێت و . بە دڵنیایشەوە دەڵێین: بابەتێکی وا هەستیار پێویست بەوە دەکات زیاتری لە سەر بنوسرێت، چونکە بە بڕوای ئێمە ئەگەر ئاسایشی هزری دەستەبەر بکرێت ئەوا جۆرەکانی تری ئاسایش بەرقەراربوونیان ئاسانتر دەبێت.

لە کۆتایی ئەم توێژینەویەدا گەشتوینەتە کۆمەڵێك دەرەنجام، لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەش ئەمانەی لای خوارەوەن :

١. ئاسایش گەورەترین نیعمەتی خودایە کە بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، ئارامی تاك و سەقامگیری کۆمەڵگە بە بێ بوونی ئاسایش بوونیان نابێت و مەحاڵن .

٢. ئایینی ئیسلام بایەخێکی زۆری داوە بە عەقڵ و پرۆسە عەقلیەکانی وەك ( ناسینەوە، بیرکردنەوە، درککردن ، تێرامان ، یادکردنەوە، وردبوونەوە) . وە هەر یەك لەم پرۆسانە فاکتەرێکی بنەڕەتی و کاریگەرن بۆ پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی هزری .

٣. زاراوە چەمکەکان رۆڵ و بایەخی خۆیان هەیە لە بونیادی مەعریفیداو ، پێویستە خەڵکانی پسپۆرو شارەزا لەم بوارەدا هەوڵکانیان چڕ بکەنەوە، ئەمەش بۆ زیاتر ناساندنی ئاسایشی هزری و رێگری لە هەر لادانێك ( چ زیادەڕۆیی وە چ کەمتەرخەمی ) . بە تایبەت کە ئەم سەردەمە سەردەمی ململانێ هزریەکانە .

٤. بۆ دابینکردنی ئاسایشی هزری و رێگری لە سەرهەڵدانی لادانی هزری، پێویستە بەرگری هزری و پارێزبەندی هزری ( الحصانة الفكرية ) لە تاکدا بەهێز بکەین .

٥. زیادەڕۆیی و رۆچوون و ( الغلو ) ، خوێندنەوەی سەرپێیی و دوور لە پرنسیپ و پێوەرە زانستیەکان بۆ دەقەکانی قورئان سوننەت، دادەنرێن بە سەرچاوەی سەرەکی لادانی هزری .

٦. ئاسایشی هزری بەرقەرار نابێت و بوونی نابێت بێ پیادەکردنی رێبازی ( میانەڕەوی – الوسگیە )، کە رێبازی قورئانیەو پیادەکردنی زامنی پاراستنی ئاسایشی هزریە .

**دووەم – ڕاسپاردەکان :**

١- پێکهێنانی دەزگای چاودێریکردن و پەندداداان و تەمبێ کردن (الرعاية والمناصحة ) لە سەر ئاستێکی باڵا، وە بە سەرپەرشتی خەڵکانی پسپۆڕ لە شەرعناسان و دەروونناسان و کۆمەڵناسان .

٢- پرۆگرامەکانی خوێندن بایەخی زیاتر بدەن بە هۆشیاری و ڕۆشنبیرکردنی ئاینی. هەروەها ناساندنی گروپە لادەرەکانی مێژووی ئیسلامی و هیچگەری و دونیاگەری لە ڕووە هزریەکەیانەوە، نەک تەنها لە ڕووە مێژوویەکەیانەوە .

٣- سازدانی سیمینار و ئەنجامدانی وۆرک شۆپی تایبەت بە ئاسایشی هزری، لە لایەن خەڵکانی پسپۆڕو شارەزاوە .

٤- ڕێگری میدیایی لە هەر بڵاوکراوەیەک کە تەشهیرو سوکایەتی بە ئیسلام و بنەماکانی ئیسلام دەکات و، ئاشتی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسیەوە .

٥- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لە بواری ئاسایشی هزری و ، ڕەسەنانندنی شەرعی بۆ ئەم چەمکەو چەمکە پەیوەندیدارەکانی وەک :ئازادی ڕادەربڕین و، ئازادی ئاینی و، داد پەروەری و، مافەکانی مرۆڤ و، گفتوگۆو هتد...

**سەرچاوەکان**

- قورئانی پیرۆز .

إبراهيم بن موسى الشاطبي ، الموافقات ،دار ابن عفان ،ط١، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م، ١٨/٢

إبراهيم بن موسى الشاطبي، الإعتصام ، دارالمعرفة ، بيروت ، ط٢،١٤٢٠هـ-٢٠٠٠م .

إبراهيم سليمان الهوميل، مقومات الأمن في القرآن، المجلة العربية للدراسات الأمنية والتدريب. جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية. المجلد الخامس عشر، العدد التاسع والعشرون. محرم ١٤٢١هـ.

إبراهيم مصطفى وآخرون، المعجم الوسيط، تحقيق: مجمع اللغة العربية، دار الدعوة ، مكتبة الشروق الدولية

أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا ، معجم مقاييس اللغة تحقيق : عبد السلام محمد هارون دار الفكر ط ١٣٩٩هـ - ١٩٧٩م .

أحسن محمد طالب، دور الأسرة في حماية أبنائها من الانحراف الفكري، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، ٢٠٠٥.

أحمد بن علي أبو بكر الجصاص (ت ٣٧٠هـ) أحكام القرآن تحقيق: محمد صادق القمحاوي – دار إحياء التراث العربي – بيروت ١٤٠٥ هـ.
أحمد درويش العمري، وسائل التربية الاسلامية في استغلال وقت فراغ الشباب، أطروحة دكتوراه – جامعة أم القرى – كلية التربية / مكة المكرمة، ١٤١٢هـ .
أحمد عزت راجح، أصول علم النفس. الإسكندرية: دار المعارف.
إدريس بن حامد محمد، الدور الأمني للأسرة، جامعة الرياض، ١٤٢٥هـ.
استن رني ، سياسة الحكم ، ، ترجمة : حسن علي ذنون ، المكتبة الأهلية ، بغداد ، ١٩٦٦.
أمل محمد أحمد، مفهوم الأمن الفكري وتطبيقاته التربوية – رسالة ماجستير غير منشورة – جامعة أم القرى – كلية التربية ، مكة المكرمة، ١٤٢٧هـ.
تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني ، مجموع الفتاوى تحقيق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، ١٤١٦ هـ/١٩٩٥م.
ثامر كامل محمد، إشكالية الشرعية والمشاركة وحقوق الإنسان في الوطن العربي، مجلة المستقبل العربي، العدد ٢٥١، ٢٠٠٠.
جميل صليبا، المعجم الفلسفي ، الشركة العالمية للكتاب – بيروت١٤١٤ هـ – ١٩٩٤م .
حامد عبد السلام زهران، التوجيه والإرشاد النفسي ،عالم الكتب – بيروت، ط ٣.
حامد عبدالواحد، الإعلام في المجتمع الإسلامي. – مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامي، ١٤٠٤هـ – ١٩٨٤م .
حمدي علي الفرماوي، نظرية الركائز الأربعة للبناء النفسي، دار صفاء، عمان، ط١، ١٤٣٠هـ- ٢٠٠٩م .
خالد بن حامد الحازمي ، أصول التربية الإسلامية، دار عالم الكتب – المدينة المنورة، ط١، ١٤٢٠هـ – ٢٠٠م.
خالد بن صالح بن ناهض الظاهري ، دور التربية الإسلامية في مواجهة الإرهاب. الرياض: دار عالم الكتب،٢٠٠٢.
خالد بن عبدالرحمن القريشي، الارهاب الفكري، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية ، ١٤٢٥هـ – ٢٠٠٤ م .

سفر بن عبدالرحمن الحوالي، العلمانية-نشأتها وتطورها وآثارها في الحياة الاسلامية المعاصرة، د ت .

سلطان بن مسفر الصاعدي، دور الحوار في تعزيز الامن الفكري – المدينة المنورة ، ١٤٣٣هـ .

سليمان بن عبد الرحمن الحقيل، دليل المعلم إلى توعية الطلاب بأضرار الخمر والمخدرات ، الرياض ، ط٣ ، ١٤١٠ هـ – ١٩٩٠ م.

شمس الدين ابو عبد الله ، ابن قيم الجوزية ، إعلام الموقعين عن رب العالمين ، تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد، مكتبة الكليات الأزهرية، مصر، القاهرة، ١٣٨٨، هـ/١٩٦٨م.

صالح بن غانم السدلان: ، أسباب الإرهاب و العنف و التطرف ،ورقة مقدمة للمؤتمر العالمي عن موقف الإسلام من الإرهاب، المملكة العربية السعودية ، ١٤٢٥هـ– ٢٠٠٤ م.

صلاح الدين فهمي محمود ، الفساد الإداري كمعوق لعمليات التنمية الإجتماعية و الإقتصادية ، المركز العربي للدراسات الأمنية ، الرياض ،١٤١٤هـ/ ١٤٠-١٤٢ .

عبد الرحمن السديس، الشريعة الإسلامية وأثرها في تعزيز الأمن الفكري. ملتقى الأمن الفكري في جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية. الرياض, ط١, ١٤٢٦هـ.

عبد الرحمن اللويحق،بناء المفاهيم ودراستها في ضوء المنهج العلمي. بحث مقدم للمؤتمر الوطني الأول للأمن الفكري بتاريخ٢٢-٢٥ جماد الأول ١٤٣٠هـ. كرسي الأمير نايف لدراسات الأمن الفكري بجامعة الملك سعود.

عبد الرحمن النحلاوي، أصول التربية الإسلامية وأساليبها، دار الفكر- دمشق، ط٢٧، ١٤٣٠هـ- ٢٠٠٩م .

عبد الرحمن بن معلا اللويحق ، مشكلة الغلو في الدين في العصر الحاضر ، ط١، ١٤١٩هـ- ١٩٩٨م.

عبدالعزيز عبدالرحمن علي، البحث العلمي، حقيقته، مصادره، مناهجه، الرياض، ط٢، ١٤٢٠هـ- ٢٠٠٠م .

عبدالكريم زيدان، المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية، دار عمر بن الخطاب – الاسكندرية، ١٩٨٢ .

عبلة بساط جمعة ، مهارات في التربية النفسية، دار المعرفة، بيروت – لبنان، ط٣، ١٤٢٦هـ – ٢٠٠٥ م .

عەلی رەزا گەنجی و پیتەر فیلیمینیگ و مایکێل نیستۆل، . ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی تۆرەکان، وەرگێرانی: عارف سەلیمی، هەولێر- دەزگای توێژینەوەو بلآوکردنەوەی موکریانی، چ١، ٢٠٠٧ز.

عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام ، قواعد الأحكام في مصالح الأنام ،تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد ، مكتبة الكليات الأزهرية – القاهرة، ١٤١٤ هـ – ١٩٩١ م.

عزالدين أحمد عزيز، بنةماكاني دةرونزاني طشتي، هةولێر، ض ٢، ٢٠١١م .

علي بن إسماعيل أبو الحسن بن إسحاق الأشعري(ت: ٣٢٤هـ) ، مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، تحقيق: نعيم زرزور، المكتبة العصرية ط١، ١٤٢٦هـ – ٢٠٠٥م.

علي فايز الجحني: الأمن في ضوء الإسلام . مكتبة المعارف ، الرياض( د-ت ) .

علي محمد محمد الصلاَّبي، الوسطية في القرآن الكريم، مكتبة الصحابة، الشارقة – مكتبة التابعين ،ط١، ١٤٢٢ هـ – ٢٠٠١ م .

عماد صلاح عبد الرزاق ، الفساد والإصلاح ، من منشورات إتحاد كتاب العرب ، دمشق ٢٠٠٣.

فاضل نظام الدين ، فةرهةنطي شيرين، سليماني – ض ٣، ٢٠٠٣ز،ل ٢٩ .

فرج عبد القادر طه وآخرون: موسوعة علم النفس والتحليل النفسي . دار غريب ،القاهرة ، ط٢ ، ٢٠٠٣ م .

كريم قةرةضةتاني، دةروناسي طشتي ،هةولێر ٢٠٠٧.

لمياء سليمان الطويل، مسؤولية المؤسسات الدعوية في علاج ظاهرة التكفير، جامعة الإمام محمد بن سعودالاسلامية، بلا.

ماجد بن محمد بن علي الهذيلي مفهوم الأمن الفكري" دراسة تأصيلية في ضوء الإسلام " جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية -كلية الشريعة – قسم الثقافة الإسلامية – الرياض – ١٤٣٢-١٤٣٣هـ -.

متعب بن شديد بن محمد الهماش ، إستراتيجية تعزيز الأمن الفكري ، بحث مقدم للمؤتمر الوطني الأول للأمن الفكري، جامعة الملك سعود، للفترة ٢٢- ٢٥ جماد الأول ١٤٣٠ ه -.

مجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب، القاموس المحيط ، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة ، بيروت – لبنان ، ط٨، ١٤٢٦ هـ – ٢٠٠٥ م.

محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري، صحيح البخاري ، دار الشعب – القاهرة ، ط١، ١٤٠٧ – ١٩٨٧.

محمد بن عبد الكريم بن أبي بكر أحمد الشهرستاني ،الملل والنحل، مؤسسة الحلبي –بيروت ، بلا.

محمد بن محمد أبو حامد الغزالي ، إحياء علوم الدين، دار المعرفة – بيروت ، بلا.

محمد بن مكرم بن علي ، ابن منظور ، لسان العرب ، دار صادر – بيروت، ط٣ – ١٤١٤ هـ – ١٩٩٣م .

محمد زياد حمدان، الدماغ والادراك الانساني، الرسالة رقم ٥١، دار التربية الحديثة – عمان، ١٤٠٦هـ-١٩٨٦م.

محمد سيداتي الشنقيطي ، الإعلام الإسلامي ـ المنهج . الرياض: دار عالم الكتب١٩٩٨.

محمد عمارة ، معركة المصطلحات بين الغرب والإسلام، ، نهضة – القاهرة، ١٩٩٧م .

محمد قطب، منهج التربية الإسلامية، دار الكتاب الإسلامي، قم – إيران، ط٣، د ت .

مرتضى شنشول العقابي ، الموقف من التعددية الحزبية في الفكر السياسي الاسلامي المعاصر، رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة بغداد – كلية العلوم السياسية ، ٢٠٠٦ .

مسلم بن الحجاج أبو الحسن النيسابوري (ت ٢٦١هـ) صحيح مسلم، تحقيق : محمد فؤاد عبد الباقي ، دار إحياء التراث العربي – بيروت، د ت.

منى حداد يكن، أبناؤنا بين وسائل الإعلام وأخلاق الإسلام. – بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٤٠٢هـ – ١٩٨٢م .

موسا بن يحي الفيفي، الحوار- آدابه وأصوله، دار الخضيري- المدينة المنورة، ط١، ١٤٢٧ .

ناجح إبراهيم عبد الله وعلي محمد علي، حرمة الغلو في الدين وتكفير المسلمين، القاهرة، مكتبة التراث الإسلامي، ط ١، ٢٠٠٢.

ناصر العقل، مناهج أهل الأهواء والافتراق والبدع أصولهم وسماتهم ، دار الوطن، ط٢/ ١٤١٧هـ .

نجدت صبري ئاكرهي، الاطار القانوني للأمن القومي،اربيل، ٢٠٠٩.

نهاد عبد الحليم ، الوقاية من الجريمة في ضوء السنة النبوية ، مجلة الأحمدية ، ع١٣، دبي ،محرم ١٤٢٤هـ -مارس ٢٠٠٣.

## الملخص

تتسم رسالة الاسلام بالوسطية والاعتدال، ونبذ العنف والتطرف والغلو والتنطع ، وتتلخص غاية هذه الرسالة في الحفاظ على الضروريات الخمس للانسان، ويأتي الحفاظ على العقل وتربيته من أولويات المنهج التربوي الاسلامي من  بين تلك الضروريات . وعن طريق الحفاظ على العقل يتم تحصين الفكر وصيانته من كل ما يهدده ويكدر صفوه . وبالتالي الحفاظ على الامن الفكري الذي يشكل الحجر الاساس في بناء الشخصية النموذجية للفرد؛ شخصية متزنة، واعية، معتدلة، مرنة، وهادئة . ويشكل أيضاً اللبنة الاساسية لمجتمع آمن، يسوده الأمن، والأمان، والاستقرار، والعمران .



## Abstract

**Islam is characterized by its moderate and balanced message; it rejects violence, extremism, and exaggeration. The higher goal of this holy message is to preserve the five human basic needs. Protecting mind and educating it take the top priority in the list of these needs and in the educational system of the religion of Islam. It is through mind protection, it will be possible to protect man's intellect and avoid what may threaten or disturb the peace mind, which will entail intellectual security that makes the cornerstone in the development of the ideal individual personality: a person distinguished by his/her balance, awareness, moderation, flexibility, and peacefulness. Mind protection will also build up the base of a peaceful community colored with security, peace, stability, and**

ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# Journal of Kirkuk University Humanity Studies

A Scientific Refereed Journal
Published by University of Kirkuk
Kirkuk / Iraq

Volume 12 Number 2 Year 2017

**Post Address**
Iraq - Kirkuk - University of Kirkuk
P.O. Box: 2281, Post code: 52001
E. mail: journal_kirkukuniversity@yahoo.com

Kirkuk University Journal-Humanity Studies, vol.12, No.2/2017

# Editorial Board


| | |
|---|---|
| Prof. Dr. Karem Najim Kader | Editor - in – Chief |
| Asst. Prof. Dr. Sabah Musa | Secretary Manager |
| Asst. Prof. Dr. Zenlabden Ali Sufer | Member |
| Asst. Prof. Dr. Ali Khalil Ahmad | Member |
| Asst. Prof. Dr. Abdulrahman Mohammad Mahmud | Member |
| Asst. Prof. Dr.Hadi Salih Ramadhan | Member |
| Asst. Prof . Falah Salahadin Mustafa | Member |
| Dr . Wisam Ahmad Abdulah | Member |

Technical Coordinator & print

Dana Tahseen Abdoulrahman

# Consultants Committee

**Prof. Dr. Khalil Ali Murad**
**College of Arts, Univ. of Salahddin**

**Prof. Dr. Fa'iq Mustafa**
**College of Languages , Univ. of Suleimaniyah**

**Prof. Dr.. Fileyih Kaream Al-Rikabi**
**College of Arts, Univ. of Baghdad**

**Prof. Dr.. Tawfiq Ibrahim Salih**
**College of Education, Univ. of Kirkuk**

**Prof. Dr. Hussein Audah**
**College of Law, Univ. of Kufah**

**Prof. Dr. Abdul Fattah Ali Yahya Al-Botani**
**Center for Kurdish Studies & DocumentsUniv. of Dohuk**

# Publishing Instruction

- The journal aims to publish substantial scientific papers not previously published in any field of knowledge.
- The researcher should present three copies of the paper typed on A4 besides a ( CD ).
- Number of pages of the paper should not exceed (25) pages; otherwise the researcher has to pay 1 thousand I.D. For any additional page.
- Title of the paper should be on the top centre of the first page. The name of the researcher should be on the top left hand of the first page of the paper. If the is written by two researchers, the second researcher's name should be put on the top right hand. The academic title, name of university and college should be indicated below researchers' names.
- An abstract in Arabic and English should be presented for each paper. It should be within (150- 200) words, showing purpose of the paper, results and recommend actions.
- Printed pictures, diagrams and tables are to be presented in separate pages. They should be given separate page numbers referred to in the body of the paper.

- Issuing in structure Scientific procedure followed:-

A) Evaluation:

The paper is sent to two reviewers. One reviewer is from inside the university while the other is from outside the university. The evaluation is done in strict secrecy and within specialization.

**B) Publication**

The papers are published according to the dates of submission and proportional to different specializations.

- The journal which bears the name of the University of Kirkuk / Humanities Studies publishes papers dealing exclusively with humanities.
- Language of the journal.

The main language of the journal is Arabic. The journal also publishes in other languages such as English, Kurdish and Turkish.

- References are arranged alphabetically and put together with the notes, at the end of the paper.
- Legal and scientific rights

1- The paper is published under the name of the researcher who receives a copy of it.
2- The researcher has the right to present his/her papers for scientific promotion, or malice references to them in other papers.

- The time span between submission and acceptance of the paper:

1- Three months whether the result is positive or negative.
2- In case of delay, the evaluation is extended for one month.
3- In the case of refusal or apology by a reviewer, the evaluation is extended for six months.

**Publication Fees**

1- 100,000 I.D. For Professors.
2- 75,000 I.D. For Assistant Professors.
3- 60,000 I.D. For Instructors and below.

Kirkuk University Journal-Humanity Studies, vol.12, No.2/2017

# Contents


| NO | Content | Page |
|---|---|---|
| 1 | The Acquisition of Fricatives and Affricates by Mosuli Children between 2 and 5 years<br><br>Umayya I. Younis Zena M. Khidhir<br>Mosul University /<br>College of Education for Humanities | 1 - 22 |
| 2 | Developing Fluency in the Pronunciation of Iraqi Learners of English: Method and Techniques<br><br>Anmar H. Saeed<br>Mosul University / College of Arts | 23-51 |
| 3 | The Effect of Teaching Practice on Student-Teachers' Conception of Lesson Planning<br><br>Sawgil Mohammed Amin Kitabchy<br>Kirkuk University / College of Education for Humanities | 52-71 |